دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤٨، شەممە، ١٦ی ڕەشەممەی ١٣٩٣، ٧ی مارسی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات**
**بە بۆنەی بەڕێوەچوونی نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی**

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات**
**بە بۆنەی کۆچی دوایی یاشار کەماڵ**

لاپەڕە ٢



**کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتەی ناتوانێ ئیرادەی ...**

٤



**هەڵوێستێکی کورت لە سەر پرسی زمانی زگماکی**

٦



**خامنەییە کە دەتوانێت بڕیاڕی کۆتایی لە سەر ...**

٩




**٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن**

١٠

# نیگەرانی لە ڕێژیمی ئێران ناوچەکە یەکگرتوو دەکات

ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕەشەمە، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هاوتا ئەمریکاییەکەی لە ڕیاز، دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی تارانی لە عێراق بە هۆکاری بشێویی و تایفەگەریی لەو وڵاتە زانی. سعوود فیسەڵ وتی: «دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی تاران هەموو وڵاتانی ناوچەکەی گرتووەتەوە. دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە عێراق بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری لەو وڵاتەدا و پەرەی بە تایفەگەری داوە. ئەو تایفەگەرییە تا پێش لە دەسپێکی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی تاران، بوونی نەبوو.»

وەزیری دەرەوەی عەرەبستان هەروەها ئامادەبوونی ئاشکرای هێزەکانی ئێرانی لە شەڕی تکریتدا بە بەڵگەی ڕوون زانی سەبارەت بە نیگەرانییەکانیان لە ڕێککەوتنەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران. لە لایەکی



دیکەوە دیپلۆماتە عەرەبەکان دەڵێن: پاشای نوێی عەرەبستان لە فکری پێکهێنانی جەمسەرێکی نوێ دایە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هەڕەشەکانی ڕێژیمی تاران. ئەو سەرچاوەیە لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێریی ڕۆیتێرز وتویەتی: «ڕیاز دەیهەوێت لە ڕێگای هاندانی وڵاتانی سوننەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بۆ وەلانانی کێشە و جیاوازییەکانی نێوانیان، لەمەڕ هەڕەشە بەپەلە و جیددییەکانی ڕێژیمی تاران، یەکدەنگ و یەکگرتوو بن.

باس لەوە دەکرێ کە پاشای نوێی عەرەبستان لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا لە چەندین دانیشتن لەگەڵ بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی و باشووری کەنداو و ئوردۆن، میسر و تورکیە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی ئەوان، بۆ پێویستی یەکییەتی و یەکگرتوویی دژی ڕێژیمی تاران و داعش کەڵکی وەگرتووە.

## ئێران لە ئەجێندای کاریی کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤدایە

بیست و هەشتەمین دانیشتنی شووڕای مافی مرۆڤ لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری ژنێڤی سوویس دەستی بەکارەکانی کردووە، لە حاڵێکدا کە ڕەوشی مافی مروڤ لە ئێراندا بابەتی چەندین کۆبوونەوە و بڕیارنامە دەبێت. لە ڕەوتی ئەو دانیشتنەدا کە تا ڕۆژی ٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ دەرێژەی دەبێت، ڕەشنووسی بڕیارنامەیەك لەمەڕ پێویستیی هاوکاریی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بواری مافی مرۆڤ بۆ پەسەند کردن، ئامادە دەکرێت. هەروەها دووبارە کردنەوەی مەئمووریەتی ئەحمەد شەهید، ڕێپورتێری تایبەتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەمبەر مافی مرۆڤ لە ئێراندا لەسەر پێشنیاری بریتانیا، سوید و ئەلجەزایر بە نوێنەرایەتی لە گرووپی ئافریقا، دەخرێتە دەنگدانەوە. لە بیست و هەشتەمین کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤ وەك جاران، ڕێکخراوەکانی مەدەنی، فێرکاریی و مافی مرۆڤیش، کۆمەڵێك دانیشتنی لاوەکی دیکە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەبەن کە زیاتر لە ١٠ دانیشتن لەم کۆبوونەوانەدا تەرخان کراوە بە کێشەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا.

## داعش شاری کەونارای «نمروود»ی خاپوور کرد

ڕۆژی هەینی ١٥ی ڕەشەمە، سەرچاوە دەوڵەتیەکانی عێراق بڵاویان کردەوە کە گرووپی داعش ئۆپراسیۆنی خاپوورکردنی شاری کەونارای «نمروود»ی کە لە ئاسەوارەکانی سەردەمی ئاشوورییەکانە، لە نزیك مووسڵ دەسپێکردووە. بەپێی ڕاپورتی ئەلعەرەبیە، وەزارەتی گەشت و گوزار و ئاسەوارە کەوناراکانی عێراق، ڕۆژی پێنج شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا، کە لە لاپەڕەی ئەو وەزارەتخانەیەدا لە «فەیسبووك» بڵاو کرابووەوە، ڕایگەیاند، گرووپی تیرۆریستی داعش بە کەڵك وەرگرتن لە شۆڤڵ و کەرەستە قورسەکانی دیکە، دەستیان کردووە بە خاپوورکردنی ئاسەوارە کەوناراییەکانی شاری نمروود. شاری کەونارای



«نمروود» کە مێژووەکەی بۆ سەدەی ١٣ی زایینی پێش لەدایك بوونی مەسیح دەگەڕێتەوە، لە ناوچەی قەراخ ڕووباری دیجلە و لە ٣٠ کیلۆمیتری باشووری مووسڵ هەڵکەوتووە.

شایانی باسە کە یەك حەوتوو لەوە پێش داعش بە بڵاوکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی، فیلمی خاپوورکردنی مۆزەخانەی ئاسەوارە کەوناراییەکانی شاری مووسڵی بڵاو کردەوە. لەو گرتە ڤیدیۆیەدا ئەندامانی داعش بە پارچ و قوڵەنگ، هێرش دەکەنە سەر پەیکەرە مێژووییەکانی مۆزەخانەی مووسڵ و بە تایبەت گای باڵدار کە لەسەر دەروازەی نرکال هەڵواسراوە و یەك بە یەك خاپووریان دەکەن.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

٨ی مارس وەبیرهێنەرەوەی مێژوویەکی دووردرێژ لە خەبات و قوربانی‌دانی ژنانە لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانیاندا. خەباتێك کە قۆناغ و هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش کارەساتی قوربانی بوونی ژنان لە کارگەی ڕستن و چنینی شیکاگۆ لە ٨ی مارسی ١٨٥٧دا و یەکەمین سەرهەڵدانە تاك و تەراکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەهەم و هەوڵەکانی کەسانێك وەك مێری ئاستیل لەو بوارەدا، تا سەدەی حەڤدەهەم و نووسینی کتێبی «بەرگری لە مافی ژنان» لە لایەن مێری وۆلستۆن کرافتەوە، ...هتد، و هەتا گەیشتۆتە ئەم سەردەمە بەرەبەرە خەباتی ژنان شێوازی سیستماتیکتر و ڕێکخراوەیی‌تری بە خۆیەوە بینیوە. ئەگەر وەکوو یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی سەیری بزووتنەوە مەدەنیەکان بکەین و بە کاتالیزۆرێك بۆ بردنەسەرەوەی ڕادەی خواستی خەڵك بۆ بەرابەری کۆمەڵایەتی بیانبینین، بزووتنەوەی ژنانیش لەو بازنە دەرباز نابێت. هەست کردن بە «نادادپەروەری گشتی»و دوور کەوتنەوە لە تاك گەرایی و یەکگیرکردنی چالاکیەکان لە بەرژەوەندیی گشتی بە بینینی کێشەی هاوچەشن و یەکگیر و گرینگیدان بەو کێشە هاوچەشنانە، لێکدانەوە و چارەسەر کردنیان، سەرەتایەك دەبێت بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە. ئەمڕۆکە بە پێی ئەو ئاڵ و گۆڕە قووڵەی بە گشتی لە پێکهاتەی زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاتووەتە ئاراوە، چیدیکە ناتوانین بزووتنەوەی ژنان تەنیا بۆ ڕزگار بوون لە ماندوویەتی ماڵداری و منداڵداری و یان بەدەستهێنانی کار بەرتەسك بکەینەوە. بە پێچەوانەوە ئەم بزووتنەوانە ڕەنگدانەوەی ئاڵوگۆڕێکی گشتیی کۆمەڵایەتی، ڕۆشتنەسەرەوەی ئاستی داخوازییەکانی ژنان و ئەو ڕاستییەیە کە زۆرێك لە ژنان گەیشتوونەتە بازاڕی کار و خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە پێگە باڵا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان دیوەتەوە.

بزووتنەوەی ژنان لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەشی هەیە، جیاوازی زۆریشی هەیەو ئەو جیاوازیانەش لە وڵاتە جیاوازەکاندا، تایبەتمەندیی دۆخ و کەش و هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتە لە سەری کاریگەری هەیە. تاکی کورد، جگە لە تاکی خوێندەوار ئەویش بە تێگەیشتنێکی نەزۆر قووڵ، ئاشنای ئەم چەمکە و ئەم بزووتنەوەیە نییە و ڕۆشنبیریی فێمێنیستی لە لای ئێمە لاوازە و تەنانەت زۆر جار وەك چەمکێکی نەشاز پێناسە دەکرێت. ئەو تێنەگەیشتنەش وادەکات بزووتنەوەی ژنان لە چەمکێکی ئازادیخواز و بەرابەریخوازەوە، وەك چەمکێکی پاوانخواز لە لایەن ژنانەوە کە هەوڵ ئەدات دەسەڵات بکێشێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بناسرێ کە ئەمە جیاوازییەکی جەوهەری هەیە لەگەڵ بنەما فیکرییەکانی بزووتنەوەی ژناندا.

کوردستان

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات
# بە بۆنەی بەڕێوەچوونی نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی




نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی فێڤرییەی ٢٠١٥ی زایینی بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی و جێگری کۆمیتەی ناوەندی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهات و پاش ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ٤ی ڕەشەممە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی سەرەتا بە خولەکێك بێدەنگی و بە پێوەراوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان بە تایبەت شەهیدانی ئەم دوایانەی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بە پێی دەستووری کاری دیاریکراو کە پێشتر بە ئاگاداری ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب گەیشتبوو سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز مستەفا هیجری باسێکی سیاسی لە سەر بارودۆخی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستان بەگشتیی و مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەشی پلینۆم کرد.لە باسە سیاسییەکەیدا سکرتێری گشتیی حیزب و لە پێوەندی لە گەڵ وەزعی وڵاتانی ناوچەدا پێکهاتن، سەرهەڵدان و کردەوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» و شوێندانەریی لە سەر دۆخی ناوچەکە سەرنجێکی تایبەتی پێدرا بوو. لەو بەشەدا ئاماژە بە نفوزی عوامیلی کۆماری ئیسلامی ئێران، حکوومەتی بەغدا، بەشار ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و هێندێ لایەنی دیکە بە مەبەستی لاوازکردنی پێگەی سیاسیی سوننە و کورد لە عێراق کرا بوو کە ئاکامەکەی بەهێز بوونی داعش و لەو ڕێگایەشەوە زەمینە خۆشکردن بۆ دەست تێوەردان و نفوزی زیاتر و ئاشکراتری کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق. لە هەمانکاتدا بە تێوەگلاندنی کورد لە شەڕی داعشدا کە هەزینەیەکی گیانی و ماڵی زۆری بەسەر کورددا سەپاند، ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە پێشتر دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی بوو کە ئەوەش بوو بە هۆی پێکهاتنی تەنگەژەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و لە هەل و مەرجێکی ئەوتۆشدا شەڕی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق زیاتر لە یەك میلیون ئاوارەی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرد کە حەوانەوە و پێڕاگەیشتن و نیشتەجێکردنیان قورساییەکی تایبەتی خستە ئەستۆی هەرێمی کوردستان. هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی داعشدا کرا بوو کە مەبەستی پاراستنی ناوچە شیعەنشینەکانی عێراق و دەرەتان دان بە داعش بۆ دەست بەسەرداگرتنی چاڵە نەوتیەکان بە تایبەت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دواتر بە بیانووی گرتنەوەیان لە لایەن هێزی کۆماری ئیسلامی ئێران و میلیشیا شیعەکانەوە لەو ناوچانە جێگیر بن و لە دەسەڵاتی هەرێمی دەربێنن. لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی و لە پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا مەسەلەی وتووێژی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ٥+١دا هاتبوو کە لەوانەیە کۆماری ئیسلامی ئێران ناچار بە قبوولی مەرجەکانی ڕۆژئاوا بێ بۆ ئەوەی گەمارۆکانی لە سەر لابچێ. کە هەل و مەرجێکی ئەوتۆ یارمەتیدەر دەبێ بۆ دەوڵەتی ڕووحانی تا ئاڵوگۆڕێکی هەرچەند کەم لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێراندا پێك بێ. بەڵام سەرکوتی خەڵك و ئازادیخوازان و ڕەوتی ئیعدامەکان هەروا درێژەیان دەبێ و دەرەتانی دەخاڵەت و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچە و یارمەتیدانی زیاتر بە گرووپە توندڕەو و تیرۆریستەکان بۆ دەرەخسێ. لە باسە سیاسییەکەی سکرتێری گشتییدا وەزعی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی پێدرا بوو. ئاماژە بەوە کرابوو کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵی ئێستادا لە گەڵ کۆمەڵێك گیروگرفتی تایبەتی بەرەوڕوویە. چوونکە شەڕی داعش هێزێکی زۆری ئینسانی و هەزینەیەکی قورسی ماڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە، جیا لەوە کێشەی بەغدا لە گەڵ هەرێم بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، دووبەرەکی هێزە سیاسییەکانی بەشدار لە حکوومەتدا نەبڕاوەتەوە، فەرماندەییەکی یەکگرتوو بۆ هێزی پێشمەرگە ئەویش لە هەل و مەرجێ شەڕدا پێك نەهاتووە، خەراپی باری ئابووری، چالاکیی کۆمپانیاکانی ڕاگرتووە و زۆربەی پرۆژەکان بە ناتەواوی ماونەوە، نیگەرانی سەرمایەگوزاری دەرەکی سەری هەڵداوە کە هەمووی ئەوانە گرفتی بەرچاون لە بەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. بەڵام سەرەڕای ئەم وەزعە درووستبوونی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا بۆ لێدان لە داعش و پاراستنی هەرێمی کوردستان و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە و چەکدارکردنیان بە کەرەسەی پێویست یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەیکە خۆڕاگری خەڵکی کوردستان ئیعتبارێکی بەرچاو بۆ کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان درووست بکا. هەر لەو کاتەدا بەرگری و خۆڕاگری ئازایانە و گیانفیدایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بیروڕای گشتی جیهانی و خەڵکی عێراق و بە تایبەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنج ڕاکێش بوو، فشاری ئامریکا بۆ سەر عبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ نەرمی نواندن بەرانبەر داخوازییەکانی کورد ئاکامی ئەو هەڵوێست و خۆڕاگرییەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو. لەو پەیوەندییەدا پلینۆم ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد و لە گەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی دەربڕی و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی بە سەر دوژمنانی کورد و ئازادیدا بە ئاوات خواست. لە بڕگەیەکی دیکەی باسە سیاسییەکەی سکرتێری گشتیدا ئاوڕ لە ڕەوتی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی تورکیە و پەکەکە درا بۆوە و ئاماژە بەوە کرا بوو کە هەرچەند ئەم ڕەوتە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری تێکەوتووە و کەندوکۆسپی هاتووەتە سەر ڕێ بەم حاڵەش جێگای خۆشحاڵی بوو کە هیچ لایەك لەو ڕەوتەدا هیوابڕاو نەبوون. پلینۆم هیوای ئەوەی خواست کە ئەم ڕەوتە بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاتر و درێژەدان بە ڕەوتەکە ئەم مەسەلەیە بە ئەنجامی دڵخواز بگەیەنن کە هەم لە بەرژەوەندی کورد و هەم وڵاتی تورکیە دا دەبێ. لە باسە سیاسییەکە و لە پەیوەندی لە گەڵ کوردستانی ڕۆژئاوادا پلینۆم خۆشحاڵی خۆی لە ڕزگاربوونی کۆبانێ و سەرکەوتنی شەڕوانان و هێزی پێشمەرگە دەربڕی و هەڵوێستی تورکیەی بە ڕێگەدان بە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەشداری لە شەڕی داعش لە کۆبانێ و یارمەتی گەیاندنی بە شەڕوانان بە هەڵوێستێکی ئەرێنی سەیر کرد. هەر لەو پەیوەندییەداو لە کاتیکدا کە شکستهێنان بە داعش لە کۆبانێ و دەورووبەری شەپۆلێکی شادی و شانازیکردن بەرانبەر بە شەڕوانان و هێزی پێشمەرگەی تەنانەت لە ڕادەی ناوچەیی و جیهانیدا لێکەوتەوە و هەر بەم بۆنەشەوە پلینۆم ڕێزی تایبەتی خۆی بۆ شەڕوانان و هێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە و لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەو خۆڕاگرییە هاوسۆزی و هاوخەمی نیشاندا. لە هەمانکاتدا ئەو کەمایەسییەشی لە بەرچاو بوو کە ناهەماهەنگی و یەك نەگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا لە بەڕێوەبردنی هاوبەشی ناوچەکان هەروا لە جێگای خۆیەتی و مەسەلەیەکە کە پێویستە گرینگی زیاتری پێ بدرێ. لە باسە سیاسییەکەی سکرتێری گشتیدا وەزعی کوردستانی ڕۆژهەڵات گرینگی تایبەتی پێدرا بوو. هەروەها ئاماژە بەوە کرا بوو کە لە ماوەی نێوان پلینۆمی پێشوو و ئەم پلینۆمەدا بێجگە لە خراپتربوونی وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵك، ئەمنییەتیتر کردنی زیاتری کوردستان و چوونە سەرێی ڕێژەی ئیعدامەکان و پێکهێنانی کەش و هەوایەکی زەبروزەنگ و پڕ لە دڵەخورپە بۆ خەڵك، بە تایبەتی بۆ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی، ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بەرچاو ناکەوێ. بەڵام سەرەڕای ئەم وەزعە نیشانەکانی بەربەرەکانی خەڵك لە دەرفەتە جۆراوجۆرەکاندا دەبیندرێ کە مانگرتنی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ورمێ و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە شنگاڵ و کۆبانێ و مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان نموونەیەکن لەو چالاکیانە، پلینۆم بە چاوی ڕێزەوە ڕوانیە ئەو چالاکییانە و وێڕای مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی لە ئیعدامی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەم دوایانە دەربڕی. لە بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم و لە پەیوەندی لە گەڵ ڕاسپاردەی کۆمیتەی ناوەندی پەیوەندیدار بە مەسەلەی ماڵی حیزب و گرتنەبەری ڕێکارێکی پێویست بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاگەیەندرا کە لەو بارەوە هەنگاوی ئەرێنی لە زۆر بارەوە هەڵگیراوە. بۆیە پلینۆم سوپاسی هەموو ئەندامان، بنەماڵەکان و ئورگانەکانی حیزب و هەموو ئەوانەی کرد کە یارمەتیدەر بوون، بە تایبەت کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات کە هەوڵ و هەنگاوەکانیان ئەرێنی و جێگای پێزانین بوو. بڕگەیەکی دیکەی باسەکان بریتی بوو لە گوێگرتن و باس کردنی ڕەوتی وتووێژەکان لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوو لەو پێوەندییەدا پلینۆم پشتیوانی لە هەوڵی دەفتەری سیاسیی بۆ درێژەدان بە وتووێژ لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوو بە مەبەستی یەکگرتنەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد و دەفتەری سیاسیی ڕاسپاردەوە کە لە چوارچێوەی بڕیاراتی حیزبدا هەوڵی جیددیتر بدا. دوایین بڕگەی کاری پلینۆم باس و ڕادەربڕین لە سەر گەڵاڵەیەکی ساختاری حیزب بوو کە پلینۆمی پێشوو هەیئەتێکی بۆ ئامادەکردنی دەستنیشان کرد بوو. ئەو گەڵاڵەیەش پاش بەشداری چالاکانەی ئەندامانی پلینۆم لە باسکردن و دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانیان لە سەر ئەو گەڵاڵەیە بڕیار درا هەیئەتی دەستنیشانکراو جارێکی دیکە بە لە بەرچاوگرتنی ڕاوبۆچوونەکانی پلینۆم بە گەڵاڵەکەدا بچێتەوەو پاش گونجاندنی پێشنیارەکان لە پلینۆمی داهاتوودا بخرێتەوە بەرچاوی پلینۆم. نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ی حیزب ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمە،٢٣ی فێڤرییەی ٢٠١٥ زایینی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی
٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
٢٤ی فێڤرییەی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی یاشار کەماڵ



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی فێڤرییەی ٢٠١٥ی زایینی بەرامبەر بە ٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، نووسەری بە ناوبانگی کورد یاشار کەماڵ لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئیستانبۆل کۆچی دوایی کرد.

ئەو نووسەرە بە ناوبانگە خاوەنی کۆمەڵێك ڕۆمان و بابەتی ئەدەبییە کە هەرکام بە چەند زمان وەرگێردراون. هەر لە جێدا ڕەوتی ژیان و بەسەرهاتیشی، خۆی ڕۆمانێکی واقیعی و پڕ هەوراز و نشێو بوو. یاشار کەماڵ لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ی زایینی لە شاری هەمیتە و لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایك بوو، لە تەمەنی ٦ساڵیدا لە بەرچاوی خۆی باوکیان کوشت و تا تەمەنی ١١ ساڵی زمانی گیرا و قسەی بۆ نەدەکرا. فەقیری و بێ دەرەتانی ڕێگای خوێندنی باڵای پێ نەدا، لە ڕووداوێکدا چاوێکی لە دەست داو بەو حاڵەش بیر و هزری لە گەشە و بەرهەم خوڵقێنیدا دەرگای دونیایەکی دیکەی بەرە و نووسین بەڕوودا کردەوە. یاشار کەماڵ لە ماوەی ژیانی خۆیدا زیاتر لە ٥٠ ڕۆمان و چیرۆکی بەرهەم هێنا کە بەشێکیان بە چەندین زمان وەرگێردراون کە هەوێنی زۆربەیان باس لە بێدادی و بێعەداڵەتی و لایەنگری لە ماف و کەرامەتی مرۆڤییە و براوەی چەند خەڵاتی ئەدەبین. یاشار کەماڵ کورد و لایەنگری دابینبوونی مافی کورد بوو هەر ئەوەش بوو بە هۆی زیندانی کردنی، بەڵام زیندان نەیتوانی لەو ڕێگایە هەتلەی بکا. لەم ساڵانەی دوایی دا ئەندامی کۆمیسیونی عاقڵان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە بوو. نەمانی یاشار کەماڵ خەسارێکی گەورە بۆ جیهانی ئەدەب و ڕۆمان و چیرۆك و بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ناوچە بوو. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کوچی دوایی ئەم نووسەرە ناودارە کوردە و کەسایەتیە ئازادیخواز و ئاشتیخوازە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی یاشار کەماڵ، نووسەران و ڕووناکبیران و بەگشتیی خاوەن قەڵەم و ئەدەبدۆستان و سەرجەم ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکا و بە چاوی ڕێز و ئەمەگناسییەوە سەیری ژیانی پڕ بەرهەم و مرۆڤ دۆستی ئەو نووسەرە ناودارەی کورد دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٣/١٢/١٠ی هەتاوی
٢٠١٥/٣/١ی زایینی

# حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد



ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی شاندێکی حیزبی شیوعیی کوردستان بە سەرپەرەستی د. کاوە مەحمود، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن شاندێك بە سەرپەرەستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەم دانیشتنەدا، باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی سیاسیی ناوچە و پێوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و مەترسییەکانی سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کاروباری عێراق و شوێندانەریی شەڕی داعش لە سەر بارودۆخی کوردستان و ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد بەگشتی و سیاسەت و هەڵوێستەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە شێوەی بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی نەیارانی کورد لەم هەل و مەرجە هەستیارەدا پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا، پرسیار لە سەر پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو و ڕەوتی دانیشتنەکان بوو کە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی لە سەر سیاسەتی پێخۆشبوون و گەشبینیی خۆیان لە مەڕ بە ئاکام گەیشتنی ئەم پرۆسەیە جەختیان کردەوە و ئامادەگی خۆیانیان بۆ هەر هاوکارییەك لەم پرۆسەیەدا دەربڕی. پاشان بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سپاسی ئەو هەوڵە دۆستانەی حیزبی شیوعیی کوردستانی کرد و وتی بە درێژایی مێژووی پێوەندییەکانی هەر دوو حیزب، هاوڕێیانی حیزبی شیوعی، هەست و هەڵوێستی دۆستانەیان بۆ ئێمە ئاشکرا بووە و بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی دڵخواز لەو بارەوە لە وتووێژەکانمان بەردەوام دەبین. پاش ئەو بیروڕا گۆڕینەوەیە لە سەر پرسە سیاسییەکان، هەردوولا لەسەر پێوەندیی دۆستانەیان جەختیان کردەوە و سەرپەرەستیی شاندی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە خۆشحاڵی خۆی و هاوڕێیانی حیزبی لەو سەردانەی شاندی حیزبی شیوعیی کوردستان دووپات کردەوە.

## حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، ئیعدامە سیاسییەکانی کوردستان مەحکووم دەکەین

ڕێژیمی سێدارە لە ئێران جارێکی دیکە دەستی دایە جینایەت لە کوردستان. بەدوای ئیعدامی شەش کەس لە تێکۆشەرانی کوردستان لە هەفتەی ڕابردوودا، بەرەبەیانی دوێنێ جارێکی دیکە شەش زیندانی عەقیدەتیان بە دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر و لێ سەندنی ئیعتیرافی زۆرەملی بردە بن پەتی سێدارە. ئێمە وێرای مەحکووم کردنی ئەو ئیعدامانە و دەربڕینی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جینایەتە، ڕایدەگەیەنین ڕێژیمێك کە لە تاوانکاری و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕیزی پێشەوەی دیکتاتۆرییەکانی جیهانە، ڕێژیمێك کە لە ژمارەی ئیعدامەکان لە قەدەر دانیشتوان لە دنیادا یەکەمە، ڕێژیمێك کە بۆ هێشتنەوەی حوکمی نگریسی خۆی ئامادەیە هەموو سات و سەودایەك لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بکا، بەڵام وڵاتەکەی خۆی کردووەتە زیندانێکی گەورەی شارۆمەندان، بۆی نییە کە لە کۆنفرانسەکانی مافی مرۆڤدا زماندرێژی بکا و ڕای گشتیی جیهان بەلاڕێ دا بەرێت. ئێمە سەرنجی ڕای گشتیی کوردستان و ئێران و جیهان و هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ مەحکووم کردنی ئەو تاوانانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشین و داوا دەکەین کە ئەو ڕێژیمە بۆ وەستاندنی ئیعدامەکانی کوردستان و لابردنی بارودۆخی ئەمنییەتی و ئازاد کردنی زیندانی سیاسی بخەنە ژێر گوشارەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ی هەتاوی
٥ی مارسی ٢٠١٥ی زایینی

## ڕوونکردنەوەی سکرتاریای حیزبی دێموکرات لە بارەی هێرش بۆ سەر کەمپی ئازادی

سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە ١٣٩٣/١٢/١٢ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٥/٣/٣ی زایینی، بە دوور لە هەرچەشنە پرەنسیپێکی یاسایی و مەدەنی و بە بیانووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵە، هێزێکی هاوبەشی ئاسایش و پۆلیسی کۆیە هێرش دەکەنە سەر کەمپی ئازادی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە و بێڕێزییەکی زۆر بە ژن و منداڵ و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دەکەن. ئەمە یەکەمجار نییە کە هەڵسوکەوت و هێرشی لەم چەشنە لە لایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی شاری کۆیە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەنجام دەدرێ و هەرجارە بەرپرسانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی ڕوو نەدا هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیان داوە، بەڵام ئەمجارەیان هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، لێدان و بێحورمەتییەکی زۆریان بە ژنان و منداڵان و هەروەها کادر و پێشمەرگە کە لە شوێنەکە بوون کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم هەڵسوکەوتەی هێزەکانی کۆیە بە تەواوی مەحکووم دەکات و داوا دەکات کە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی حکوومەتی هەرێم و هەروەها بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە شاری کۆیە دەوری سەرەکی لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی شارەکە دەگێڕن هەنگاوی جیددی بۆ کۆتایی هێنان بەم جۆرە هەڵسووکەوتانە هەڵ بگرن. هەر لەو کاتەدا داوا لە بیروڕای گشتیی و بەتایبەت خەڵکی بەشەرەفی کۆیە دەکەین بەرامبەر بەم بێحۆرمەتییانە بێ تەفاوت نەبن. بۆ ئەوەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس کە دەبێ پارێزەری حۆرمەت و کەرامەتی خەڵك بن خۆیان خۆلقێنەری ڕووداوی لەم چەشنە نەبن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریا
١٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
٤ی مارسی ٢٠١٥ی زایینی

## چاوپێکەوتنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران و حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەسەرپەرستیی بەڕێز «عەبدوڵلا موهتەدی» سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لە دانیشتنێکی فەرمی و کەشێکی دۆستانەدا، باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی سیاسیی ئێران و کورد بە گشتی و پێوەندیەکانی هەر دوولا کرا، لەم باسە سیاسییە پرسی چەکی ناوکی و ڕەوتی وتووێژەکانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کرا. لەم پێوەندیەدا کاریگەریەکانی گوشارە ئابووری و گەمارۆکان لە سەر ڕەوشی ئابووری ئێران و بێ توانایی دەوڵەتی ڕووحانی لە دابینکردنی پێویستیە ئابوورییەکانی ڕێژیم و باشتربوونی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵك، کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری، ڕێژیمی زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە بردووە، کە ویست و داخوازییەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا قبووڵ بکات و مل بۆ قبووڵی مەرجەکانی بدا و ڕێبەرانی ڕێژیم هەر لە ئێستایشەوە بۆ نۆشینی جامە ژەهرێکی دیکە بە مەبەستی دەربازبوون لەم قەیرانە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییان، خەریکی جەوسازین لە نێو خەڵکدا. بەشێکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنە، لە سەر پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا بوو. هەر دوولا دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانیان لە گەڵ بەغدا لەم بارودۆخە دژوارەدا کە هەرێمی تووشی شەڕێکی زیانباری لە گەڵ داعشی کردووە بە قازانجی کوردیان زانی. دوو لایەنی ئەم چاوپێکەوتنە لە درێژەدا بەرگریی هێزی پێشمەرگە و خەبات و بەرخۆدانیان لە شەڕی دژی تیرۆریزم کە داعش و هاوپەیمانەکانی بە پشتیوانیی ڕێژیمە کۆنەپەرەستەکانی وەك ئێران بەڕێوەی دەبەن و کوردیان بەو شەڕە دژی مرۆڤانەیەوە تێوەگلانەوە، بەرز نرخاند. لە درێژەدا، ئاماژە بە مەترسییەکانی سیاسەتی دەستتێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و ناوچەدا کرد، هەروەها ئەو پشتیوانییە سیاسیی و نیزامیەی ئورووپا و ئامریکایان بە خاڵێکی ئەرێنی لە سەر پرسی کورد هەڵسەنگاند. لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە، پرۆسەی ئاشتی باکووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیە خرایە بەرباس و ئەم هەنگاوانەی دوایی بە قۆناغێکی نوێ باسی لێکرا و بە ئاکام گەیشتنی ئەم پرۆسەیەیان لە بەرژەوەندی کورد دا ئاماژەی پێکرد. بڕگەیەکی دیکەی ئەم دانیشتنە، چاوپێداخشاندنێك بە پێوەندییەکانی هەر دوولایەن بوو. لەم بڕگەیەدا ئاوڕدانەوەیەك بە ڕێککەوتننامەی هەر دوو حیزبی هاوپەیمان کرا. کار و تێکۆشانە هاوبەشەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە ئاستی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەری و هاوکارییە هاوبەشەکان لە سەر پرسی کورد بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەڵسەنگێندران و لەو بوارەدا هەر دوو لایەن لە سەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە بۆ پەرەپێدانی هاوکارییەکان لە بواری سیاسی و ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان و هەوڵدان بۆ هەماهەنگی لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانی خۆرهەڵات ساغ بوونەوە. پاش شرۆڤە کردنی ئەو پرسە سیاسییانە، هەر دوو حیزب لەسەر درێژەدان بە هاوکارییەکانیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای زیاتر بە مەبەستیی چالاکی پتر جەختیان کردەوە.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی «حەسەن سەبووری» ناسراو بە «وەستا حەسەن» خەڵکی گوندی «وێزیەر»ی سەر بە ناوچەی بێڵەواری کامیاران لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد. حەسەن سەبووری دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و لە ماوەی تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆیدا بەو پەڕی دڵسۆزی و ماندوو نەناسییەوە خزمەتی دەکرد. ناوبراو پاش ٥ ساڵ پێشمەرگایەتی لە سەر بڕیاری حیزب و بەپێی بارودۆخی ژیانی خۆی لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا گەڕاوەتەوە نێو بنەماڵەکەی. تەرمی کاك حەسەن سەبووری لە نێو ئاپۆڕای خەڵك و دۆستان و ئاشنایان و بنەماڵەکەی لە گوندی «وێزیەر» بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری حەسەن سەبووری دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە پیرانشار دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، زلێخا ڕەسووڵپوور، دایکی شەهید «ئەحمەد شیرنی» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی گوندی «قەبری حوسێن» سەر بە ناوچەی پیرانشار بە هۆی نەخۆشی و بەساڵاچوویی لە تەمەنی ١٠٠ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمی دایە زلێخا ڕەسووڵپوور لە نێو ئاپۆڕای خەڵك، دۆستان و ئاشنایان لە گوندی «قەبری حوسێن» بە خاك سپێردرا. شەهید ئەحمەد شیرنی لە گوندی قەبری حوسێن لە دایك بووە، ناوبراو پاش پەیوەست بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٦١ی هەتاویدا لە ئاغەڵان پێوەست بە ڕیزی کاروانی شەهیدان بوو و گڵکۆکەی هەر لەو شوێنەی شەهید بوونی دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی زلێخا ڕەسووڵپوور دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆتایی دەورەی ٢١٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە ساڵۆنی فێرگە بەڕێوەچوو



ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢١٤ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان، بەشداربوانی دەورەی٢١٤ی سەرەتایی پێشمەرگە بە ڕێژەی نیزامی، شەڕی سەرەنەیزە و بڕینی مەیدانی مەوانیع، لێهاتوویی خۆیان پیشان دا. لە بەشی دووهەمی ئەم ڕێوڕەسمەدا «سەرکەوت سەمەدی» بەرپرسی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢١٤ی سەرەتایی پێشمەرگە و پەیوەست بوونی پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە، چەند وتەیەکی پیشکەش کرد. پاشان سروودێك لە ژێرناوی «ئەی شەهیدان» لە لایەن بەشداربوانی دەورەی سەرەتایی ٢١٤ پێشمەرگە بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکرات پێشکەش کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، پەیامی ئامووزشیی دەورەی ٢١٤ لەلایەن «سامرەند ئەنبەری‌ئازەر» مامۆستای فێرگەوە، خوێندرایەوە. پێشکەش‌کردنی سروود، شێعر و گورانی بەشێکی دیکە لە بەرنامەکانی ئەم ڕێوڕەسمەی پێك هێنابوو. پاشان، پەیامی دەورەی سەرەتایی ٢١٤ پێشمەرگە لە لایەن «شەهرام میرزایی»ەوە پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە بە دابەشکرانی خەڵات لە دوو بەشی «دەرس و ئەخلاق» بە بەشداربوانی سەرکەوتووی دەورەکە تەرخان کرابوو، کۆتایی پێهات.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕیکەوتی ٦ی ڕەشەمەی سالی ١٣٩٣ی هەتاوی، کاك «ڕەحیم مینبەری»، کوڕی «تۆفیق» لە دایکبووی ساڵی١٣٣٥ی هەتاوی و خەڵکی گوندی «نییەر»ی شەهید پەروەر و حیزب خۆشەویست بە هۆی ڕاوەستانی کتوپڕی دڵ، کۆچی دوایی کرد. کاك ڕەحیم کە بەشێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزم و کەس و کاری ئەندام یان پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بوون، لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی وەك ئەندامێکی چالاك تیکۆشانی خۆی دەستپێکرد. ناوبراو بە هۆی چالاکیی سیاسی بە ناچاری لە ساڵی ١٣٨٩ی لە گەڵ بنەماڵەکەی ڕووی کردە باشووری کوردستان و وەکوو ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە هەولێر نیشتەجێ بوو. تەرمی کاك ڕەحیم لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە نێو ئاپۆڕای هاوڕێیان و هاوسەنگەرانیدا بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوخەمی و پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاك ڕەحیم و هەروەها خەڵکی گوندی سەربەرزی نییەر دەکات و خۆی لە خەمی ئەواندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## لە بۆکان دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، «زیبا ئەحمەد دووژن» دایکی «عەبدوڵلا دووژن» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی «ڕەحیمخان»ی سەر بە شاری بۆکان، بە هۆی بەساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد. تەرمی دایە «زیبا ئەحمەد دووژن» لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان و دۆستان و ئاشنایانی لە گوندی ڕەحیمخان»ی سەر بە شاری بۆکان، بە خاك سپێردرا. شەهید عەبدوڵلا دووژن لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی ڕەحیمخان لە دایك بووە. شەهید عەبدوڵلا، کادری دەرەجە ٣ و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکان و بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵەشینی بۆکان بوو. ناوبراو لە ڕێکەوتی ١٩ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی داگیرکەرانی کوردستان شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی دایە زیبا و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ی هەتاوی، کوێخا «سادق ڕەزایی» باوکی شەهید «ئەرشەد ڕەزایی» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا لە گوندی شوشمێ بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمی سادق ڕەزایی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی نەوسوود و ناوچەکە و دۆستان و ئاشنایان و کەس و کاری بە خاك سپێردرا. کوێخا سادق پاش شۆڕشی گەلانی ئێران پەیوەست دەبێت بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە. ناوبراو لە شەڕێکی قارەمانانەدا بریندار دەبێت و پاش سارێژبوونی برینەکەی لە سەر داوای حیزب دەگەڕێتەوە ناو بنەماڵەکەی. شەهید ئەرشەد ڕەزایی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە لایەن «بزووتنەوەی ئیسلامیی» لە باشووری کوردستانەوە لە شاری حەڵەبجە ڕادەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێتەوە و دواتر ئیعدام دەکرێت و بە کاروانی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیوەست دەبێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری کاك سادق ڕەزایی دەکەت و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرێنی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «ئیبراهیم ڕەیحانی» ناسراو بە «ئیبراهیمی کانی» خەڵکی گوندی «سارتکی»سەربە شاری ڕەبەت، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ئیبراهیم ڕەیحانی لە سەرتای شوڕشەوە وەك پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وەرگیرا و بە دڵسۆزی و وەفادارییەوە دەستی بە هەڵسووڕان کرد. ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٩دا لە سەر بڕیاری حیزب گەڕایەوە ناو بنەماڵەکەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك ئیبراهیم ڕەیحانی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتەی ناتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێرانەی زیندانیە سیاسییە بە بیروباوەڕەکان بشکێنێ

## وتوویژ لەگەڵ بەڕێز محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب



وتوویژ: کوردستان

**کوردستان: لەم ڕۆژانەدا زۆر جار دەبیستین کە بەرپرسانی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی باشوور بە بیانووی جۆراوجۆر سپاسی ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لە خزمەتکردنی شۆڕشی کورد لە ڕابردوو و ئێستادا دەکەن و کورد بە قەرزداری شۆڕشی ئیسلامی و شەخسی خومەینی بە مرۆڤێکی ئیلهامبەخش و پاڵپشتێکی بەهێز بۆ گەلی کورد لە قەڵەم دەدەن. بە بۆچوونی ئێوە، تا چەند ئەو جۆرە تێڕوانینە بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕابردوو و ئێستای ئێران لە هەموو پارچەکانی کوردستان گونجاوە و هۆکاری ئەم منەتبارییە هەمیشەییە بە چی دەزانن؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی بەسەر پێوەندیی بزووتنەوەی کورد و دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لە قۆناغە مێژووییەکانی بزووتنەوەی کورددا بدەینەوە، دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، لە بەشێك لە خاکی باشووری کوردستاندا بزووتنەوەی کوردیش بە ڕێبەرایەتیی شێخ مەحموودی حەفید حکوومەتی مەلیکیی دامەزراند و دەسەڵاتی سیاسیی کورد هەم لەگەڵ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێك هێنا و هەم دەسەڵاتی ئێرانیش کەوتە پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێبەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، لەم پێوەندی گرتنەیشدا هەوڵیان داوە بزووتنەوەی کورد، بکەنە فاکتەرێك بۆ گوشار خستنەسەر دەسەڵاتی سیاسیی عەرەب لە ناوچەدا و دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراق، بە تایبەتی دوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لە عێراقیش هەم لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و هەم لە سەردەمی بەعسییەکانیشدا ئەم سیاسەتەی ڕێژیمی ئێران بەردەوام بووە و بە دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداریی کورد بە سەرۆکایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ی زایینی پێوەندییەکان چڕوپڕتر بوون و ئێران تا ساڵی ١٩٩١ی زایینی بە هەموو جۆرێك بوو بە پشتی جبهە بۆ جووڵانەوەی کورد، بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سیاسەتی ڕێژیمی ئێران خزمەتکردن بە کورد و گەیشتنی کورد بە دەوڵەتی نەتەوەیی نەبووە. بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش ئەزموونی تاڵی ساڵی ١٩٧٥ی زایینییە کە شای ئێران حەمەڕەزا شا و سەدام حوسێن جێگری ئەوکاتی سەرۆك کۆماری عێراق لە وڵاتی ئەلجەزایر ڕێك کەوتن و شای ئێران وازی لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی بزووتنەوەی چەکداریی کورد هێنا و لە پشتەوە خەنجەری لە بزووتنەوەی کورد و ڕێبەرانی دا.

بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش ئەم پێوەندییە هەر درێژەی بوو و لە شەڕی ئێران و عێراقدا ڕێژیمی ئێران هەوڵی دا هێزی کورد بکرێتە بەشێك لە هێزەکەی دژی ڕێژیمی بەعس و بە کاری بێنێ، لەم سیاسەتەشدا زۆرجار هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردی کردووەتە قوربانیی سیاسەتەکانی و نموونەی زیندووش شەڕی هەڵەبجەیە لە دوو شەڕی ساڵەکانی ١٩٧٨- ١٩٨٨ و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ی زایینی کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسو ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە لە تۆڵەی ئەو پێوەندی و هاوکارییەی کوردی عێراق لەگەڵ ڕێژیمی ئێران.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ڕاماڵینی هێزەکانی بەعس لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، ڕێبەرانی ئێران هەوڵیان داوە هەرێمی کوردستان بکەنە مەڵبەندێك بۆ سیاسەتەکانیان و ڕەوشەکە بە ئاقارێکدا بەرن کە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانیاندا بێ، و سیخوڕەکان و تیرۆریستەکانیان دەیان تێکۆشەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان لە باشووری کوردستان تیرۆر کرد بێ ئەوەی کەمترین ڕێز بۆ دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم دابنێن. ئەو سیاسەتە گەیشتە ئاستێك کە مەترسیی گیانیش لە سەر ڕێبەرانی سێکۆلار و نەتەوەیی کورد هەبوو کە دژی ئەو جۆرە پێوەندییانەن. دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا تا ئێستا ڕێبەرانی ئێران لە هەوڵی پێکهێنانی سیستمێکی کۆپیکراو لە جۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدان و بە تەواوی هەوڵی پەکخستنی پرۆسەی دێموکراسیو فیدراڵیزم لەم وڵاتە ئەدەن و بە هەموو جۆرێك هەوڵ ئەدەن شێعە لەم وڵاتەدا دەسەڵاتی باڵادەست بێ و کوردو سوننەیش بخەنە پەراوێز و بە دنەدانی سیخۆڕەکانیان ئێستا لەم وڵاتەدا شەڕی سوننە بە سوننە و شەڕی کورد بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەکەن و شەڕێکی خوێناوی و زیانباریان بە سەر ڕۆڵەکانی کورد و هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی دوای ئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکان و هێنانە بەرباسی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد یەکەم لایەنی دژی ئەم پرۆسەیە بوون، هەر بۆیە بە دنەدانی دەسەڵاتی شێعە لە بەغدا بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان لە باری ئابوورییەوە و هێنانی میلیشیا شێعەکانی دەستەمۆی خۆیان گوشارێکی زۆری خستووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان و کەرکووك و ڕەوشەکە وای لێ هاتووە کە بەشێك لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەست بە مەترسیی ئەم سیاسەتە دەکەن.

ئەم ڕوونکردنەوە ئەوەمان پێ دەڵێت کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرۆکایەتیی سیاسیی بە ئەزموونی باشووری کوردستان دەبێ وریای ئەو سیاسەتە مەترسیدارە بن و پێوەندییەکانیان چ وەك هەرێم، چ وەك لایەنی سیاسی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا جۆرێك ڕێك بخەن کە جارێکی دیکە کورد تووشی کارەساتی دڵتەزێن نەکات و لە ململانێ ناوچەییەکانیشدا کورد سەروەریی خەڵك و خاکی خۆی بپارێزێ.

**کوردستان: پاش دامەزرانی کانتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان، لە چەند مانگی ڕابردوودا بینیومانە کە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە بەردەوام باس لە دامەزرانی کانتۆنی جیاجیا و ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری و ناولێنانی کوردانی ئێزیدی، یارسانەکان و بەم دواییانەش هەورامییەکان وەکوو گەلێکی جیاواز دەکات. ئامانج لەم سیاسەتە چییە و چ خزمەتێك بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێستادا دەکات؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی بۆ ڕزگاریی نیشتمان کردووە و لەسەر بنەمای «کورد یەك نەتەوەیە و کوردستان یەك نیشتمانە» بەرخۆدانی کردووە و خوێنی بۆ داوە، پرسی کورد پرسی زاراوە یا پرسی مەزهەبی و ئایینی نەبووە کە ئێستا خەڵك و خاکی بە نێوی کانتون یا هەر شێوە بەڕێوەبەرییەکی دیکەی لەو چەشنە دابەش بکرێن. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەگەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە هەموو پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکانییەوە بە مافەکانیان بگەن لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیك و دەستوورێکی پێشکەوتوودا داخوازییەکانیان دابین دەکرێ و بە سەروەریی نەتەوەییان دەگەن.

سیاسەتی pkk یا هەر ڕێکخراوێکی دیکە کە بیرکردنەوەی لە چەشنی ئەوان بێ کاتێك دەتوانێ شوێندانەر بێت کە گرینگی بە پرسی نەتەوەیی بدا و جوغرافیای کوردستان بە یەکگرتوویی چاو لێ بکا و بیرکردنەوەی بە ڕوانینی نەتەوەییەوە بێت، یارسان، ئێزیدی، هەورامی و ...، هەموویان بەشێکن لە نەتەوەی کورد و نیشتمانی کورد. ئەو بیرۆکەیە کە ئەوان باسی دەکەن ناتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری پرسی کوردستان.

**کوردستان: لە باکووری کوردستان پەکەکە باس لەوە دەکات کە چیدی ئامانجی بزووتنەوەی کورد دامەزراندنی کیانی نەتەوەیی لەو بەشەدا نیە. گەلۆ ئەوە بە واتای وازهێنان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد نیە؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** لە سیاسەتەکانی pkkدا کۆمەڵێك جیاوازی هەیە و هەرکامەیان بە جۆرێك شرۆڤە و خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. لە پێوەندی لەگەڵ باردۆخی سیاسیی هەرکام لە پارچەکانی کوردستاندا ئەم جیاوازییە زیاتر دەردەکەوێ و تێڕوانینی بە نیسبەت چارەسەری پرسی کورد لە دەوڵەتی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس دابەزیوە بۆ شتی زۆر سادە و ڕەتکردنەوەی پرسی دەوڵەتی کوردی. بۆ هەرکام لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە شێوازی جۆراوجۆردا مەسەلەی نەتەوەیی دێننە ئاراوە. ئەمەش بۆ هێزێکی سیاسی بە خاڵێکی لاواز دەژمێردرێت و حاشاکردن و خۆدزینەوە لە پرسی نەتەوەیی لە سیاسەتیاندا شوێندانەریی نەرێنیی دەبێ و لە بزووتنەوەی مافخوازی گەلی کورددا لە سەریان دەکەوێ.

**کوردستان: پەکەکە هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەوان دەستێوەردان لە چارەنووسی کوردستانی باشووردا ناکەن و ئەوە لایەنەکانی ئەو پارچەیەن کە دەبێ چارەنووسی ناوچەکانی خۆیان دیاری بکەن. ئەمە تا چ ڕادەیەك بە ڕاست دەبینن و پێتان وایە دەکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە داهاتوودا هەمان هەڵوێستیان بە نیسبەت ڕۆژهەڵاتیشەوە هەبێت؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** ئەگەر ئەو تێڕوانینە بە کردەوە لە سیاسەتیاندا ڕەچاو بکەن شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا جێگەی گلەیی و گازندەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان لە pkkیە، ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو نەکردووە و لە کاروباری پارچەکانی دیکەدا سیاسەتی دەستێوەردانیان بووە. هەر ئەوەش بووە کە لە پێوەندیەکانیان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا تووشی کێشە و نارەزایەتی بوون. باشتر دەبوو ئەگەر لە سەر ڕێزگرتنی بەرانبەر و بە دوور لە سیاسەتی دەستێوەردان لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردستانییەکان پێوەندییەکانیان ڕێك بخەنەوە، لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا هەر ئەو ڕوانینە دەتوانن ڕەچاو بکەن و گیانی نەتەوەیی بەهێز بکەن.

**کوردستان: لە درێژەی دانوستانەکانی پێوەندیدار بە یەکگرتنەوەدا، بەم دواییانە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات دانیشتنێکی لەگەڵ هاوڕێیانی جیابووی پاش کۆنگرەی ١٣ ساز کرد. ئەو پرۆسەیە تا ئیستا بە کوێ گەیشتووە، گرفتەکان تا چ ڕادەیەك چارەهەڵگرن، ئیرادەی چارەسەری لە هەر دوو لادا چۆن دەبینن و بەگشتی ئاسۆی دانیشتنەکان چۆن دێتە پێش چاوتان؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** ئێمە ڕامانگەیاندووە، سیاسەتی ئێمە هەوڵدانە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو لە ڕێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە سەر بنەما سەرەکییەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب کە پێکەوە پەسەندمان کردوون و خاڵی هاوبەشمانە، لەو پرۆسەیەشدا من بە حوسنی نیەتێکەوە کە لە خۆماندا دەیبینم، ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا هەڵگیراون بە هەوڵێکی ئەرێنییان دەبینم.

**کوردستان: بەم دواییانە شەپۆلێکی دیکە لە ئیعدامی بەندکراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێ کەوتووە، بە بۆچوونی ئێوە ئامانجی ڕێژیم لەو ئیعدامانە چییە و چ کاریگەرییەکی لە سەر بارودۆخی کورد لەو پارچەیەدا دەبێت؟**

**محەممەدنەزیف قادری:** لە هیچ کەس و لایەنێك شاراوە نیە کە ئامانجی ڕێژیم لە ئیعدامکردنی زیندانییە سیاسییەکان و چالاکڤانانی خەباتی مەدەنی کە هەڵگری بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەرین، ئاو چاوگرتنی خەڵك و درێژەدان بە سیاسەتی ترس‌وەبەرنان و تۆقاندنی ئازادیخوازانە، بەڵام لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو نەبووە و لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا زیاتر گوشاری خراوەتە سەر و لە لایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و... مەحکووم کراوە و زیاتر تەریك کەوتۆتەوە. کۆماری ئیسلامی بەو سیاسەتەی ناتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێرانەی زیندانیە سیاسییە بە بیروباوەڕەکان بشکێنێ و ئەو بەرخوردانەیان دەبێتە چیروکی سەرهەڵدان و ڕزگاربوون لە چنگ دیکتاتۆری.

**پرسی کورد پرسی زاراوە یا پرسی مەزهەبی و ئایینی نەبووە کە ئێستا خەڵك و خاکی بە نێوی کانتون یا هەر شێوە بەڕێوەبەرییەکی دیکەی لەو چەشنە دابەش بکرێن**

# ئورومیە، ورمێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ!

ئیبراهیم قاسمی زاد
و: نسار

لە کاتێکدا کە جیهان بە دەستی بناژۆخوازییەوە دەناڵێنێ و مرۆڤایەتی بە توندی لە ژێر سێبەری ئەم بەڵا ناپیرۆزە بریندارە، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجی چەپەڵ و سەرکوتکەرانەی خۆیان تۆوی ڕق و لێکدابڕان لە نێو خەڵکانێك کە سەدان ساڵە بەیەکەوە ژیاون، دەچێنن و پەرەی پێدەدەن. لایەنی نێوخۆیی ئەم کردەوە ناحەز و مەترسیدارانەی ڕێژیم زۆرتر لە ناوچەگەلێك کە دانیشتووانی نەتەوەکان و ئیتنیکە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی بیاڤی دەسەڵاتن، پێکی دێنن. ماوەیەکە کە لە نێو دانیشتووانی پارێزگای ورمێ، بە تایبەت شاری ورمێ کە کۆڵکەزێڕینەیەکە لە نەتەوەکان، ئیتنیکەکان، زمانەکان و ئایینە جۆراوجۆرەکانی لە خۆیدا جێ کردووەتەوە، ئەم کردەوە ناشایستەی ڕێژیم ڕەهەندگەلێکی بەربڵاوتری بەخۆیەوە گرتووە و بووەتە هۆی نیگەرانی و ناڕەزایەتی خەڵکی ئەم شارە. ڕێژیم بە دانانی کەسانی جێی سەرەنجی خۆی لە شوێنە کلیدییەکان و لە سەرەوەی هێرەمی دەسەڵاتی ناوچەیی هەوڵی ئاژاوەنانەوەی ئاشکرا لە نێو خەڵکی ورمێ و دەوروبەری دەدا و بە دانی پوان و دەسەڵاتی نایاسایی بە دەست و پێوەندییەکانی خۆی لەم پارێزگایەدا، دەستی بناژۆخوازانی لە پێکهێنانی ئاژاوە و دووبەرەکیی ئاوەڵا کردووە. بناژۆخوازانیش بە بیانووگەلی جۆراوجۆر خەڵکی لە دژی یەکتر هان دەدەن و بیرۆکە شوومەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا جێبەجێ دەکەن.

ئەم مۆرە نەخۆشانە بە نیازی ئاژاوەگێڕانە و خراپ، لە جێگەی پێڕاگەیشتن بە گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەر کردنی گرفتە یەك لە دوای یەکەکان کە بە بۆنەی ئەم ڕێژیمەوە بەرۆکی لاوانی ئەم نیشتمانەی گرتووە، هەوڵی دنەدان دەدەن کە هیچ خزمەتێك بە ژیانی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵگا ناکات. وەکوو ئەو کردەوانەی کە لەم ماوەیەدا لە ورمێدا زۆرتر خۆی دەرخستووە کە دەیهەوێ بە بیانووی زیندووکردنەوەی «فەرهەنگ»ی بە ناو خۆجێی یەکێك لە نەتەوە پێکهێنەرەکانی ناوچە، ڕووخساری ڕەنگاوڕەنگی شار بکاتە مودێلێکی تاك نەتەوەیی و یەك فەرهەنگی. باسەکە ئەوەیە کە شارەوانی داسەپاوی ڕێژیم لەگەڵ کۆمەڵێك لە نزیکەکانی لە ژوورێکدا دانیشتوون و لە ئاراستەی ئامانجەکانی ڕێژیم، بڕیار دەدەن، ناولێنان و تابلۆدانانی سەرلەنوێی شەقامەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگی خۆجێیی خۆیان، کە تەنیا یەکێك لە فەرهەنگەکانی خەڵکی ورمێیە، بە شێوەیەکی یەك لایەنە ئەنجام بدەن. کارێك کە بە ڕواڵەت درووست و بەجێیە بەڵام بە هۆی لە بەرچاو نەگرتن یان بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بۆ حاشاکردن لە خەڵکی دیکەی شاری ورمێ کە لە ژووری فیکری شارەداری «بەڕێز» یان فەرماندار، پارێزگار و دامەزراوەکانی دیکەی پارێزگا نوێنەرێکیان نییە، بووەتە هۆکارێك بۆ دڵ ئێشان و دووبەرەکی. لەم ڕووەوە ئاکامی بیرۆکەیێکی جوان بۆ زیندووکردنەوەی فەرهەنگی ڕەسەنی خۆجێیی لە ڕێگەی سەرلەنوێ ناولێنان یا باشترە بڵێین لێدانی تابلۆ، شتێك نەبوو کە ببێتە دڵخۆشی هەموو ڕێبوارانی ئەو شەقامانە! ورمێ هەر بەو شێوەکە خودی شارەدار ماوەیێك لەمەو پێش لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری فارس، ئەوێی بە شارێکی فرەنەتەوە (بە وتەی خۆی کە نەتەوەی ئازەری و کوردی بە قومگەلێك لە ئێرانی گەورە ناوبرد) بە ئایین و ڕواڵەتە فەرهەنگییە جۆراوجۆر دەزانێ و جەخت لە سەر زیندووکردنەوە و پاراستنی فەرهەنگەکان دەکا.

**هەر نەتەوەیەک لەم گۆی زەوییەدا شوناس و مێژوویەکی هەیە کە دەبێ شانازی پێوە بکرێ، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی زاڵبوون بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا**

بەم کردەوە نابەرپرسانە بە ئاسانی زۆرینەیەك لە دانیشتووانی مێژوویی ئەم شارستانە دەڕەنجێنێ. دانیشتووانێك وەك خەڵکی کورد کە سەرەڕای زوڵم و ستەمی سەدان ساڵە، هەنووکەیش زۆرینەی دانیشتووانی پارێزگا و دەوروبەری شار و بە دڵنیاییەوە بەشێکی مەزن لە دانیشتووانی خودی شاریش پێك دەهێنن، پشکێکیان لەم «زیندووکردنەوەی فەرهەنگە» نەبردووە بەڵکوو لە کردەوەدا شایەتی سڕینەوەی شوناسی کەلتوورییان. کەمایەتییە ئایینییەکانی وەك ئەرمەنییەکان، یەهوودیەکان، مەسیحییەکان و ئاشوورییەکانیش کە دانیشتووی لەمێژینە و مێژوویی شارەکەن، هەروەك پێشوو لە گەرەکە کۆنەکانی خۆیان ژیان دەکەن و ڕەنگە ڕەسەنەکانی کۆڵکەزێڕینەی جوانی شار پێکدەهێنن لەم تابلۆیانەدا جێگایەکیان بەدەست نەهێناوە.

نوێنەران و بەرپرسە داسەپاوەکان و هاوکارەکانیان تەنیا بەم کارە ڕازی نەبوون بەڵکوو هەر ڕۆژ بە بیانووگەلی درۆیین هەوڵی ئازار و عەزییەتی کاسبکار و بازاڕییەکان و خەڵکی کورد دەدەن. ئەوان تا ئەو شوێنەی کە دەتوانن ناو و شوێنەواری کوردی لە ڕووخساری شار دەسڕنەوە. ئەم کردەوە ناشایست و نابەرپرسانەیە هەرچی زۆرتر ڕێگە بۆ بناژۆخوازگەلێك کە زۆرتر لە حیزبی ڕەگەزپەرەستی ( م. ە. پ ) تورکیە فیکر و ئایدیا وەردەگرن، خۆش کردووە. بناژۆخوازگەلێك کە زۆرتر کاری ئەوان ڕەش نواندنی مێژووی نەتەوەی کورد و بە پێچەوانە نیشاندانی ڕاستییەکان و مێژووی ئەم نەتەوەیەیە، بێ ئەوەیکە توانیبێتیان کەمترین خزمەت بە بەرەوپێش بردنی خواستە ڕەوا نەتەوەییەکانی نەتەوەی ئازەری کردبێ. لەم ماوەیەشدا یەکێك لە بڵاوکراوە بەستراوەکان بە ڕێژیمی دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی، سەر بە بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵایەتی پارێزگای ورمێ «دوو حەوتوونامەی ئاغری» لە نوێترین ژمارەی خۆیدا وەك هەمیشە پڕژاوەتە دژایەتی و دوژمنی لەگەڵ کوردەکان. لەم ژمارەی ئەم بڵاوکراوەدا، بەڕێوەبەرانی لە سەرکەوتنی کانتۆنی کۆبانێ یان بە وتەی بڵاوکراوەکە « شاری پینار!» کە ئەویان بە نیشتمانی تورك زانیوە، بە توندی پێ ناخۆشبوونی خۆیان دەربڕیوە. بەم شێوەیە ئەوان ڕاستێکی بەرهەستیان بە پیکۆڵ کێشاوە کە لەودا هاوپەیمانی گرووپە بناژۆخوازەکانی تورك ـ داعش بەرەو ڕووی هاوپەیمانیەتی نێونەتەوەیی بووەتەوە و لە ئاکامدا لە بەرامبەر بەرەی مرۆڤایەتی تووشی شکەستێکی گەورە بوون. ئەگەر لە باسی کۆبانێ تێپەڕ بین، «ئاغری» ئەمجارە پێی لە بەڕەی زیاتر ڕاکێشاوە و پڕژاوەتە دێموگرافی پارێزگا و نووسیوویەتی: «بێ هیچ گومانێك لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە تەنیشت زۆرینەی ئازەربایجانییەکانی شێعە و یارسان و کەمایەتییەکانی زۆر بچووك لە ئەرمەنییەکان، ئاسوورییەکان و زەرتشتییەکان و کەمایەتێیکی بچووك لە یەهوودییەکان جوانی ئەم پارێزگای زۆرتر کردووە». بە پێی لێکدانەوەی ئەم لەتکە کاغەزە کوردەکان لەم ڕۆژەوە بەم لاوە لە نیشتمانی باب و باپیرانیان کەمایەتیەکی زۆر بچووکن».

هەر چەند ناتوانرێ وەها لەتکە کاغەزێك و بانگەشەیەك بە جیددی وەربگرین، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ڕای گشتی پێویستە گۆشەیەك لە مێژووی هاوبەشی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە لە ڕابردووی نە زۆر دوور بە بیر بهێنینەوە: تا پێش لە کۆچدانی بە کۆمەڵی تایفە چوار بەشییەکانی تورکی ئەفشاری لە دەیەی سەرەتایی سەدەی هەڤدەهەمی زایینیدا و پێش لە ئەویش تورکەکانی غەزە لە لایەن شا عەبباس سەفەوی بەم ناوچەیە و کوچدانی بە کۆمەڵی کوردەکانی ناوچە بە ناوچەکانی دیکە وەک خوراسان، دەسەڵاتی ئەم ناوچەیە بە دەستی دەسەڵاتدارانی کوردەوە بوو و کوردەکان سەرەکیترین نەتەوەی ناوچە ڕۆژئاواییەکانی « گوڵی ورمێ» یان پێك دەهێنا. کۆچدانی خەڵکی کورد لەو سەردەمەدا هەرچەند تەنیا بە بیانووی ئاسانکاری لە حکومەتداری لەقەڵەم دراوە و یان لەبەر هەڵاتن لە دەست دەسەڵاتداران ئەنجام دراوە، بەڵام بە تێپەڕینی کات و بە هۆی کرداری دەسەڵاتدارانی یەك لە دوای یەکی ناخۆجێی، بووە هۆی گۆڕینی دێموگرافیای ناوچە و لە ئەنجامدا پێکهێنانی دووبەرەکیی و ئاژاوە و هێندێکجار خوێنڕێشتن. شایەتی زیندووی ئەم کۆچە مێژووییەیش بەکاربردنی زاراوەی کرمانجی زمانی کوردی لە لایەن کوردەکانی خوراسان و ناوچەکانی دیکەی کۆچ بووە کە کوردەکانی ورمێ و دەوروبەریشی هەر بەو زاراوەیە قسە دەکەن، زاراوەیەك کە پاش لە چوارسەد ساڵ، سەرەڕای ئاسیمیلاسیۆنی سیستماتیك هێشتایش لەبیر نەکراوە.

ورمێ بە تێپەڕینی زەمان و مێژووی چوارهەزار ساڵەی خۆی، شایەتی ڕووداوگەلێکی تاڵی زۆر، بەتاڵان بردن و شەڕ و هەروەها ڕووداوگەلی شیرین و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی خەڵکی ڕەنگاوڕەنگیی زۆر بووە کە لە مێژوودا تۆمار کراوە و یان لە بیری نەوە بە نەوەی ئەم خەڵکەدا نەخشراوە. بە سەرەنجدان بە بەڵگە و سەرچاوە نووسراوەکان کە لە مێژووی ورمێدا بوونی هەیە، دەبێ بڵێین کە زۆربەی ئەم ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانە کە بە سەر ئەم شارەدا هاتووە، ئاکامی کەمتەرخەمی، لاوازی، نەبوونی بەرپرسایەتی بەرپرسانی کاربەدەستانی ئەم نیشتمانە بووە. بیرەوەریگەلێك کە ئەمڕۆ بۆ نەوەی نوێ دەبێ ببێتە بە ئاوێنەی دەرس فێربوون. دوژمنانی پێکەوەژیانی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، شۆڕشی سمکۆی شکاك کە بە گێڕانەوەی دەسەڵاتداران و دژبەرەانی، بە هۆی خوێن خوازی براکەی جەعفەرئاغا و دژایەتی ئەو لەگەڵ دەوڵەتی نیزامەدین قەراچەداغی حاکمی تەورێز سەری هەڵدابوو، لە ئەنجامدا کردە بیانوی دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان.

جەعفەر ئاغا، برای سمکۆ و دەسەڵاتداری هەرێمی شکاك، ساڵێك پێش لە بزووتنەوەی مەشرووتە لە حاڵێکدا کە حاکمی تەورێز گەرەنتی پێداو و سوێندی بە قورئان خوارد کە گیان و دەسەڵاتی ئەو بپارێزێ، بۆ سەردانی فەرمی چووە تەورێز، بەڵام لەوێ بە فێڵ و تەڵەکە لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێیانی کوژراو و تەرمەکەی لە عالی قاپو بە شێوەی سەرەو خوار هەڵواسرا. زۆر دواتر ئەو کاتەی سمکۆ حاکمی ناوچە بوو، پێش ئەوەیکە شۆڕش بکات، بۆمبێکی ساعەتی لە لایەن موکەرەم ئەلملك «نایب الدوله» خۆی بۆ ئەو نێردرا کە پاش تەقینەوە براکەی دیکەی «عەلی ئاغا» کوژرا، هاوکات حاکمەکانی تەورێز لە هەر لایەکەوە هەوڵیان دەدا کە حاکمیەتی مێژوویی نەتەوەی کورد لە نیشتمانانی کەوناریان تێك بشکێنن، لەم ڕووەوە سمکۆ شۆڕشی بەرپا کرد. هۆی شۆڕشی جوامێری مێژووی کوردستان سمکۆی شکاك لە بەستێنەکانی گۆڕانکارییە مێژوووییەکان ببینینەوە بەڵام بێ گۆمان ئەوەی لە هەمبەر سمکۆ و دەسەڵاتەکەی لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە وتراوە و نووسراوە بۆنێکی لە ڕاستی لە گێڕانەوەی مێژوو نەبردووە. لەبەر ئەوەیکە سمکۆ بستێکی لە خاکی کەسانی دیکە داگیر نەکرد، لە هەمبەر دوژمنانی مێهرەبانی نیشان دا و پێشی لە کوشتاری دەیان هەزار کەسی کە پێش لە دەسەڵاتەکەی لە ورمێ ئەنجام درابوو گرت. ئەو هەموو بەربژێرەکانی ورمێی لە بەڕێوەبەری شاردا بەشدار کرد، لە شار دارۆلمەساکینی دامەزراند و بەڕێوەبەری شاری بە ڕیش سپی و خەڵکی متمانەپێکراو سپارد. ڕەنگە کردەوەگەلێکیش لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەوەدا ئەنجام درابێ کە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤی ئەمڕۆوە جێگەی پەسەند نەبێ، بەڵام کردەوە و هەڵسووکەوتی سمکۆ بە هیچ شێوەیەك ناکرێ لەگەڵ کرداری حاکمەکانی تەورێز و ئەوانەی کە بە بڕیاری ئەوان دە هەزار کورد و دە هەزار ئاسووری و ئەرمەنییان پێش لە شۆڕشی سمکۆ کوشت بەراوەرد بکەین.

ورمێ شایەتی زوڵمێکی مێژوویی بە سەر نەتەوەی کورد بووە، جینایەتەکانی مەلا حەسەنی و گۆپاڵ بەدەستەکانی لە دژی کوردستان، کوشتاری خەڵکی بێ تاوانی گوندەکانی وەك قارنێ و قەڵاتان و ... کە لە لایەن سپای پاسداران ئەنجام درا. سەرەڕای ئەمە ورمێ شایەتی هاوکاری خەڵك لە دامەزراندنی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان و خەباتی هاوبەش لە دژی حکوومەتی پاشایەتی بووە.

مێژووی زۆر دوور و درێژی ورمێ لە وەها بابەتێکدا جێگەی نابێتەوە بەڵام ئەوەی لە مێژووی ئەم شارە جوانە و لێواولێو لە ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکان، ئیتنیکەکان، دین و ئایینەکان فێردەبین ئەوەیە کە لە جێگەی پەرەدان بە ڕق و دووبەرەکی ئیزن بدەین بە ڕێکارگەلی درووست و لۆژیکیانە لە تەنیشت یەکتر و بە هێمنایەتی، دادپەروەری و بەرابەری و ڕێزی دوو لایەنە ژیان بکەین.

بە دڵنیاییەوە ئەمە بە قازانجی هەموو دانیشتووانی شار و پارێزگایش دەبێ، لە هەزارەی سێهەم کەسێك براوەی نائەمنی و تێکهەڵچوون یان ئاڵۆزی لە نێو دانیشتووانی شار و پارێزگا نابێ، تێکهەڵچوونە ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئایینییەکان لە عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، لیبی و ... هەموو دەربڕی ئەم ڕاستییەیە. وتەی کۆتایی ئەمەیە کە هەر نەتەوەیەك لەم گۆی زەوییەدا شوناس و مێژوویەکی هەیە کە دەبێ شانازی پێوە بکرێ، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی زاڵبوون بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا. باشتر وایە جارێك و بۆ هەمیشە ئەمە باوەڕ بکەین و ڕێزی لێ بگرین.




## ڕۆژەڤ

### ئیسلام و توندڕەوگەرایی، تێڕامان لە ناوەوەی

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «ئیکۆنۆمیست» وتارێکی لە ژێر ناوی «ئیسلام و توندڕەوی، تێڕامان لە ناوەوەی» بە قەڵەمی دەستەی نووسەرانی خۆی بڵاو کردۆتەوە کە وتارێکی تێروتەسەلە و لەم ستوونەدا تەنیا دەتوانین چەند بەشێکی کورتی وەربگێڕینەوە. لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: «موناقشەیەکی گەرم لەمەڕ ڕۆڵی ئیسلام لە جیهادگەرایی لە گۆڕێدایە، داخوا ئاڵوگۆڕێکی لێ دەکەوێتەوە؟». لە دوو پاراگرافی سەرەتادا نووسراوە: «ڕێبەرانی ڕۆژئاوایی دەمێکە داوا لە موسوڵمانەکان دەکەن کە لە دژی ئایدۆلۆژی جیهادگەرایی هەوڵی زیاتر بدەن. لەم مانگەدا، باراك ئۆباما وتی موسوڵمانە میانەڕۆکان، لەوانە کارناسان و مەلاکانیان بەرپرسیارن لە ڕەتکردنەوەی «ڕاڤە پێچەڵاوپێچەکان لە ئیسلام» و ڕەتکردنەوەی ئەو درۆیە کە «ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە جۆرێك لە جۆرەکان دژی ئیسلام شەڕ دەکەن». لە ٢٣ی فێوریەدا، تۆنی ئابۆت، سەرۆك وەزیرانی ئۆسترالیا داوای لە ڕێبەرانی موسوڵمان کرد بڵێن ئیسلام دینی ئاشتییە و شی بکەنەوە.

موسوڵمانەکان وەها گوشارێکیان بە دۆستانە نەزانیوە. سەرەڕای ئەمەش، دەستیان کردووە بە باسکردن لە ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی لە توندڕەوگەراییدا. لە ٢٢ی فێوریەدا، ئەحمەد ئەلتەیب، ئیمامی مەزنی مزگەوتی ئەلئەزهەری میسر، مزگەوتێك کە بەشێکە لە زانستگایەك کە لەمێژینەترین شوێنی فێربوونی جیهانی سوننەیە، ڕایگەیاند کە توندڕەوگەرایی بە هۆی «لێکدانەوەی خراپی قورئان و سوونەت (کردارەکانی حەزرەتی موحەممەد) سەریهەڵدا و ئەوەی لە قوتابخانە و زانستگا ئیسلامییەکاندا خوێنراوە، پێویستی بە گۆڕینە».

لە بەشێکی تردا، باسی ئەوە کراوە کە تەنانەت لە نێو توندڕەوەکانیشدا، ڕاڤەی جیاواز لەسەر تەکفیر، جیهاد و کوشتن وەك ئەوپەڕی سزای کافرێك لەگۆڕێدایە. هەروەها وێڕای ئاماژە بەوە کە وتە و بەڵگەی متمانەپێکراو بە دژی توندڕەوی زیاترە تا ئەوەی بە قازانجی، جەخت کراوەتەوە کە هەر لەو کاتەداچەند جەمسەری و زۆربوونی ناوەندەکانی ڕاڤە و نەبوونی کەسێك کە بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، زۆر دەرکەی بۆ ڕاڤەی و لێکدانەوە بە قازانجی داعش و بوکوحەرەم و ڕێکخراوی هاوشێویان ئاوەڵە هێشتووەتەوە.

لە بەشێکی دیکەدا باسی هەوڵە جیاجیاکانی حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ دەسەڵاتبەخشین بەو کەسانە کراوە کە بە قازانجی دەسەڵاتەکەیان ڕاڤەی ئیسلام دەکەن و لە بەرامبەردا نموونەی ئەو هەوڵانە هێنراوەتەوە کە توندڕەوەکان بۆ ڕەتکردنەوەی ڕاڤەی حکومەتی دەیکەن.

هەورەها هاتووە: «ئینتێرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خوێندەواری زیاتر لە ناوچەکە بووەتە هۆی ئەوەی سەرچاوەی دیکەیش بە ئاسانی بدۆزرێنەوە. وەك موحەممەد جەمال، مامۆستایەکی کیمیا لە زانستگای قاهیرە دەڵێ: من لە ڕێگەی گەڕان و چاولێکردنی بۆچوونە جیاوازەکانەوە بۆ خۆم بیر لە ئایین دەکەمەوە».

سەرچاوە:
Economist.com

# ترسی ئەمجارەی ڕێژیمی ئێران لە دان پێدانان بە ئیعدامەکاندا

**کانیاو**

لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ئەمساڵدا «سامان نەسیم، عەلی ئەفشاری، حەبیب ئەفشاری، سیروان نژاوی و ئیبراهیم عیساپوور» پێنج زیندانی سیاسیی کورد، لە زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیعدام کران.هەروەها لە چەن ڕۆژی ڕابردووشدا ٦ کەسی دیکە لە زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانی ڕجایی شار بە ناوەکانی «حامید ئەحمەدی، جەمشید دێهقانی، جەهانگیر دێهقانی، کەماڵ مەلایی، هادی حوسێنی و سدیق موحەممەدی) کە خەڵکی سنە و جوانڕۆ بوون، ئیعدام کران. ئەو ٥ کەسەی یەکەم لە ڕیزی ئەو زیندانیانەدابوون کە بەشداری مانگرتنە کەم وێنەکەی بەندییە سیاسییەکانی پاییزی ئەمساڵ بوون. بەڵام خاڵی گرینگی ئێعدامەکانی ئەم دواییانەی زیندانییانی سیاسیی کوردستانی ئێران، کە جێگای سەرەنج و لێوردبوونەوەی جیددییە، ڕانەگەیاندنی هەواڵی ئەو ئێعدامانەیە. چونکە ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئێران و دامودەزگانی دادوەریی و ئەمنیەتییەکان، بە فەرمی هیچ هەواڵێکیان سەبارەت بە ئیعدامی ئەو زیندانییە کوردانە بە بیروڕای گشتیی ئێران و بەتایبەت کوردستان نەدا و تەنیا بە بنەماڵەی هێندێك لەو زیندانییانەهی کە ئیعدام کراون، لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە ڕاگەیەندراوە کە ئیزنی بەڕێوەبردنی پرسە و سەرەخۆشییان لە مزگەوتدا نییە. دیارە ئەو شێوە ئیعدام کردنی زیندانییانی سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە یەکەم جارە و نە دوایین جاریش دەبێت. چونکە کارنامەی ڕەشی دەسەڵاتداریی ڕێژیم بە ئیعدامی ئازادیخوازان و شۆڕشگێرانی گەلانی ئێران، بە تایبەت خەباتگێڕانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ کراوەتەوە. هەر بۆیە هەڵسوکەوتی ئەمجارەی دەزگاکانی دادوەریی و ئەمنییەتی ڕێژیم سەبارەت بە ئیعدامی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئەوەیە، کە دڵەخورپە و نیگەرانی بخاتە دڵی بنەماڵەی زیندانییانی سیاسیی مەحکووم بە ئێعدام بۆ ئەوەی لە لایەك بواری بیستنی هەواڵی ئێعدامی ڕۆڵەکەی خۆیان تیدا پێك بێ و لە لایەکی دیکەوە، شەڕێکی ڕەوانی بە دژی خەڵکی کوردستان دروست بکات، تا هەم بنەماڵەی زیندانییان و هەم خەڵکی کوردستان بۆ ماوەیەك لە دۆخی نێوان نیگەرانی و نارِوونی و لە شۆکدا بهێڵێتەوە. ئەو شێوە هەڵسوکەوتەی حکوومەتی ئیسلامی، ڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ڕێژیم لە ئەگەری نارەزایەتی خەڵکی کوردستان. چونکە ئەوان باش دەزانن ڕاگەیاندنی بە هەواڵی ئێعدامی ٥ کەس لە زیندانییانی سیاسیی کورد، خەڵکی کوردستان، هەنگاو بۆ نارەزایەتی و ئیعترازاتی گشتیی هەڵدەگرن. هەروەها ڕێژیم ترسی لەوە بووە کە وەك ئیعدامی وێکڕای ٥ زیندانی سیاسیی کورد لە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاویدا کە مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕی لێکەوتەوە، هیچ دوور نییە ئەگەر ئەمجاریش ئێعدامی وێکڕای ٥زیندانیی سیاسیی کورد پشتڕاست بکاتەوە، بەرەورووی مانگرتن و نارەزایەتی گشتیی خەڵکی کوردستان ببێتەوە. هەر بۆیە بە ئەگەری زۆرەوە لە جیاتی ئێعدامی ٥ زیندانیی سیاسیی لە ڕۆژێکدا، لە چەند ڕۆژ جیبەجێی کردبێ، یا ئەگەر ئێعدامەکان لە ڕۆژێکیشدا بەڕێوە چووبن، بە گومان خستنە سەر ڕاستییەکە و دروستکردنی نارِوونی، ڕاگەیاندنی هەواڵی ئێعدامەکان بە مەودای چەند ڕۆژ بە بنەماڵەکانیان ڕاگەیەنن تا ئیمکانی پێکهاتنی نارەزایەتی گشتیی خەڵکی کوردستان بەرپەرچ بدەنەوە. هەروەها ئەوەی لە پێوەندی لە گەڵ ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، دەبێ جێگای تێڕامان و دەرس لێوەرگرتن بێ، چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەت چالاکانی مەدەنی نێوخۆیی وڵاتە لەگەڵ ئەو ئیعدامانەدا. هەر بۆیە دەبێ هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە کار لە سەر چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوەی ئێعدامی زیندانییانی سیاسی بە یەکەوە بەکەن و هاندەر بن بۆ پێکهێنانی ئیرادەیەکی بە هێز بۆ هاتنە مەیدانی خەڵك بۆ نارەزایەتی مەدەنی و بە گژداچوونەوەی ئیعدامەکان. تا خەڵکی کوردستان وەك ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی، بە شێوەی مانگرتنی گشتیی بەرامبەر بە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان نارەزایەتی نیشان بدەن، تا چیدی شاهیدی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانییانی سیاسیی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نەبین. هەر بۆیە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئیرادەیەکی گشتیی و نەتەوەیی، تێچووی ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کورد لە سەر هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی قورس تر دەکا، کە بە ئاسانی ڕێگا بە خۆی نەدا، ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەییە یەك یەك و پۆل پۆل لە سێدارە بدا. هەروەها دەبێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە سیاسەتی بە ئانقەستی ڕێژیمی ئێران لە بێبەشکردنی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسیی مەحکووم بە ئێعدام لە زانیاری لە سەر ڕۆڵەکانییان بە مەبەستی ترساندن و تۆقاندن کە پێچەوانەی پرەنسیپ و یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەیی ماف و مافی مرۆڤە ئاگادار کەینەوە. تاوانی ئەمجارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە زیندانییانی سیاسیی کورد، لە لایەك وەك پەڵەیەکی ڕەش لە کارنامەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمدا دەمێنێتەوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستان سوورتر دەکا لە بەرگری لە ویست و داخوازییە نەتەوییەکانی. لە سێبەری حاکمییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا گرتن، ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە و ئیعدامی خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران هەبووە و هەیە. چونکە ڕێژیمی ئێران لەو بڕوایەدایە کە تەنیا بە سەرکوت و کپکردن و زیندان و ئیعدامی ڕۆڵە خەباتگێڕەکان دەتوانێ درێژە بە تەمەنی پڕ لە شوورەیی حاکمیەتی خۆی بدات. هەر بۆیە ڕێژیم لە بێ دادگاکان و لە ژووره دەرگا داخراوەکاندا، درێژە بە دەرکردنی توندترین و دژەمرۆڤانەترین سزاکان و بە تایبەت سزای حوکمی ئیعدام لە دژی خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی نەتەوەکانی ئێران دەدا. بۆ تێپەڕین لەم دۆخە، ڕێگەچارەی گەلانی ئێران، ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندن و پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە، تا لە داهاتوودا بۆ جارێکی دیکە گەلانی ئێران شاهیدی دووپات بوونەوەی سیستمێکی نادێموکراتیك و سەرەڕۆ نەبنەوە.



# هەڵوێستێکی کورت لە سەر پرسی زمانی زگماکی

**شەماڵ تەرغیبی**

لە کۆی نزیك بە٦٧٠٠ زمان کە هەنووکە لە لایەن دانیشتوانی گۆی زەوییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، نزیك بە نیوەیان بەرەو لە نێوچوون هەنگاو دەنێن. بەم پێیەش دیاریکردنی ڕۆژی ٢١ی فێبریە وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە لایەن یونێسکۆوە لە ڕاستیدا دژەکردەوەیەکە بەو مەترسییە کە شارستانیەتی مرۆڤ لەگەڵیدا بەرەوڕوویە. بە پێی پێناسەیەك کە لە زانستە مرۆییەکان بۆ ئەم دەستەواژە کراوە، زمانی دایکیی بریتییە لە یەکەم زمانێك کە منداڵ پاش لە دایك بوون و لە ڕەوتی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەوروبەری خۆی فێری دەبێت کەواتە: زمان تەنیا ئامرازێك بۆ پێوەندی گرتن نییە بەڵکوو کەرەستەیەکە بۆ فێربوون، تیگەیەشتن (بوون) و بەم پێیەش شوناسی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی هەر تاکێك دیاری دەکات. ئەگەر لە باری مێژووییەوە لە پرسی زمان بڕوانین دەبینین کە ئەو زمانە و بن زمانەکانی ئەمڕۆکە بوونیان هەیە بە درێژایی چەندین سەدە شکڵیان گرتووە و وێڕای شارستانییەتی مرۆڤەکان گەشەیان کردووە و هاوڕێ و هاوڕێبازی مرۆڤەکان بوون. کەواتە تا ڕادەیەك دەتوانین بەو هەقێقەتە بگەین کە زمان ئاوێنەی مرۆڤ ناسانەی ئاڵۆزییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.

لە ڕوانگەی زانستی سایکۆلۆژیەوە زمانی دایکی یەکەمین و گرینگترین هۆکار و فاکتەرە لە ڕەوتی شکڵگرتنی کەسایەتی مرۆڤ و لە هەمانکاتیشدا لە نێوچوونی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەسایەتی تاکەکان.

پرسی زمانی دایکی لە ئاستی جیهانیدا:

جیا لەوەیکە ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونێسکۆ) پێشنیاری وڵاتی بەنگلادێش لەمەڕ دیاریکردنی ٢١ی فێبریە وەك ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی خستە بەر دەنگدان و دەنگی ئەرێنی بۆ وەرگرت، لە چەندین بەڵگەی نێودەوڵەتی دیکەشدا پرسی ئاماژە پێکراو و گرنگی پێدراوە کە بە کورتی دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین:

١. ڕاگەیاندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پەسەندکراوی ١٠ی دێسامبری ١٩٤٧، مادەی ٢٦.

٢. سیاسەتی نێونەتەوەیی لایەنە مەدەنی و سیاسییەکان پەسەندکراوی ١٦ی دێسامبری ١٩٦٦، ماددەی ٢٧.

٣. کۆنواسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمی پەروەردە و فێرکاری پەسەندکراوی ١٤ی دێسامبری ١٩٦٠ لە لایەن یونێسکۆ، ماددەکانی ١، ٢، ٣

٤. کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ پەسەندکراوی ٢٠ی نوامبری ١٩٨٩ی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەی ٣٠.

٥. کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نیژادی پەسەندکراوی ٢١ی دێسامبری ١٩٦٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان، ماددەی ١.

٦. ڕاگەیەندراوی مافەکانی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئیتنیکی و زمانییەکان ڕێکەوتی ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢، ماددەی ١، ٢، ٤.

٧. ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی زمان پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٦.

٨. مەنشووری زمانی دایکی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٦ی یونێسکۆ، ماددەی ١، ٢، ٣.

پرسی زمانی دایکی لە ئێراندا:

بە بێ هیچ شك و گومانێك دەتوانین بڵێین لە یاساکانی ئێراندا زمانی دایکی یەکێك لە لەپەراوێزخراوترین پرسەکانە کە هیچ کات وەك پێویست گرنگیی پێ نەدراوە. سەرەڕای بەربڵاوی لە ڕادەبەدەری کەمینە نەتەوەییەکان (لەباری کەمییەوە) لە ئێران و هەروەها بوونی چەندین نەتەوەی وەك: کورد، تورکی ئازەری، عەرەب، بەلووچ و... هتد زمانی ئەم پێکهاتە نەتەوەییانە هیچ جێگایەکیان لە نێو سیستمی ئامووزشی لە ئێراندا نییە. لە حاڵێکدا کە لێکۆڵینەوە کۆنوانسیۆنەکان دەریانخستووە کە سیاسەتی چەند زمانی لە کاروباری ئامووزشیدا کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕاگرتن و پەرەسەن و گەشەکرنی فەرهەنگە نەتەوەییەکان هەیە و بە پێچەوانەی ئیدعای هەندێك کەس و لایەن (بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی ڕەوتی پان ئێرانیست) ئامووزش و پرسی فێرکاری بە زمانی دایکیی نەبێتە هۆکارێك بۆ لێك دوورکەوتنەوە یان جیابوونەوەی نەتەوەکان و زمانەکان. دەبینین لە وڵاتی سوئیس خەڵك بە ٤ زمانی ئیتالیایی، ئینگلیسی، فەرانسەوی و ئاڵمانی قسە دەکەن و هیچ کێشەیەکیش لە باری سیاسییەوە بۆ ئەم وڵاتە دروست نەبووە بەڵام بە پێچەوانەوە گرنگی نەدان بە زمانی نەتەوەکان ویست و مافی کەمینە ئیتنیکییەکان لە زۆر شوێنی جیهاندا کێشە و گرفتی لێ کەوتۆتەوە بۆ نموونە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئێسلامی.

ئەوەیکە ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەبینرێت چەشنێك لە پەیڕەوی کردن لە تێز و دوکتورینی بەناوبانگی ئادۆڵف هیتلێرە کە دەیگوت: ئەگەر دەتانەوێ میللەتێك لە نێوبەرن دەبێ سەرەتا زمانی دایکی ئەو نەتەوە لەنێو ببردرێت. هۆکاری ئەم قسەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی دایکی لە کاریگەرییەکانی لەسەر بیچمگرتنی کەسایەتی تاکەکەسی و شۆناسی تاکەکەسی، کاریگەری و باندۆڕی ڕاستەوخۆشی لە سەر شۆناسی نەتەوەیی هەیە. ئەگەر زمانی دایکی لەنێو بچێت بەرەبەرە مێژووی نەتەوەش لە بیردەکرێت و هەلپەرەستان دەست دەکەن بە بەلاڕێدابردنی مێژوو و زەین و ئاوەزی میللەتێك نەخۆش دەخەن. بە مردن و نەمانی زمانی دایکی بەرەبەرە هەموو تەوەر و نۆڕمی ژیانی نەتەوەیەك لەوانە مێژوو، نەریت، داب، موسیقی، ئەدەبیات و... هتد لە نێو دەچێت.

سیاسەتی لە پەراوێزخستن و گرنگی نەدان بە زمانی دایکی (ئەوەی کە ئەمڕۆکە لە ئێراندا دەبینرێت) وێنایەکی ڕاستەقینەی دەکارکردنی توندوتیژی نەمادینە لە دژی منداڵان (نەوەی نوێ) کە چەشنێك لە سوکایەتی فەرهەنگی لێ دەکەوێتەوە. ڕوونە کە فێربوونی هەر زمانێك پێویستی بە تێپەڕاندنی ٤ قۆناغ هەیە:

بیستن، ئاخاوتن، خوێندن و نووسین. ئەگەر کەسێك لە ڕەوتی فێربوونی زمانێکدا (زمانی دایکی) ئەم ٤ قوناغە تێنەپەڕێنێت ئەوە تووشی لاوازیی فێربوون دەبێت و لە دەرك کردنی ڕاستییەکان دوور دەکەوێتەوە و بەم شێوەیە تووشی لاوازیی کەسایەتی دەبێت و تایبەتمەندییە ڕەوانی و ئەخلاقییەکانی بە لایەنی نێگەتیڤیدا دەشکێتەوە لەوانەش زەق بوونەوەی ترس، شەرمنی و خەمۆکی لە ناخەوە بیچم دەگرێت. کەسێك بەم تایبەتمەندیە ئەخلاقییانەوە ناتوانێت پێوەندییەکی دروست و بە کەڵکی لەگەڵ کۆمەڵگە هەبێت و خۆی بە جیا لە نێوان تاك و کۆمەڵ زیاد و زیاتر دەبێت. ئەمەش وا دەکات کە یەکگرتوویی فیکری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پێك نەیەت. ئەوەی کە لێرەدا خرایە بەرباس بەشێکە لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە: بۆچی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەشە بە زمانی دایکی لە نێو نەتەوەکانی ئێران نادات!؟



# AKP و پەکەیجی ئەمنیەتی نێوخۆیی



**شەهاب خالیدی**

پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) بە بیانووی پاراستنی ئەمنیەتی نێوخۆیی تورکیە، پەکەیجێکی لە ژێر ناوی «پەکەیجی ئەمنیەتی نێوخۆیی» تورکیە ئامادە کردوە کە ئەو پەکەیجە لە ١٣٢ مادە پێك هاتووە، و هەموو هەوڵیشی بۆ پەسندکردنی ئەو پەکەیجە دەدا. بەڵام ئەو هەوڵدانەیAKP لەگەڵ نارەزایەتیەکی زۆری حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و لایەنگرانیان بەرەورووبۆتەوە.

لەو پەیوەندییەدا دەمیرتاش هاوسەرۆکی HDP ڕایگەیاندووە کە: «ئەوانە پەکەیجێك ئامادە دەکەن کە لە ١٣٢ مادە پێك هاتووە، بەڵام ئەم پەکەیجە ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەدی ناهێنێ. لەو پەکەیجەدا چ هەیە، ئەمنیەتی سەرۆك وەزیر و حکوومەت و سەرکۆمار هەیە».

هەر لەو پەیوەندییەدا ڕۆژی ٢٠١٥/٢٠/٢٤ پارلەمانتارانی HDP بۆ دژایەتیکردنی بەندێکی ئەو پەکەیجە کە داپۆشینی دەم و چاو لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا قەدەغە دەکات، بە دەم و چاوی داپۆشراوەوە لە دانیشتنی پارلەمانی تورکیەدا ئامادە بوون و ڕایانگەیاند کە ئەمە پێشلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە.

بە داخەوە AKP لە باتی ئەوەی کە هەوڵ بۆ بەرفراوانترکردنی دێموکراسی بدات، بە پێچەوانەوە بە ئامادەکردنی پەکەیجێکی بەم شێوەیە هەنگاو بەرەو سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنیەکانی خەڵك هەڵدەگرێ. پەسندکردنی پەکەیجێکی بەم شێوەیە دەستی پۆلیسی تورکیە بۆ سەرکوت و گرتن و هەتا کوشتنی خۆپێشاندەران ئاوەڵاتر دەکات، کە بێگومان ئەمەش نە تەنیا ئەمنیەت و ئاسایش بۆ تورکیا وەدی ناهێنێ، بەڵکوو ئەم پەکەیجە بۆ خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ تێکدانی ئەمنیەتی کۆمەڵگا.

نەتەوەی کورد کە لە تورکیەدا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسیەکانی خۆی و بۆ دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای تورکیە بە سەدان و هەزاران ڕۆڵەی خۆی فیدا کردوە، چۆن ئامادە دەبێ کە سەر بۆ دەسەڵاتێك دانەوێنێ کە بیهەوێ بە پەسندکردنی پەکەیجێکی بەم شێوەیە، ئەو نەتەوە خۆڕاگرە ناچار بە پاشەکشە کردن لە داوا ڕەواکانی بکات. بۆیە هەروەك دەمیرتاش دەڵێ ئەو پەکەیجە تەنیا دەسەڵاتی سەرکۆمار و کەسانی دەوروبەری دەپارێزێ و ناتوانێ ئەمنیەت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەدی بێنێ. دژایەتیی MHPو CHPش لەگەڵ ئەو پەکەیجە خۆی لە خۆیدا دەسەڵمێنێ کە ئەو پەکەیجە تەنیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتیAKP دایە.

بێگومان لەو قۆناغە هەستیارەدا کە ئۆجالان ١٠ خاڵی وەك نەخشە ڕێگای چارەسەری ڕایگەیاندوە، و PKK ش پێشوازی لەو بانگەوازەی ئۆجالان کردوە و ڕایگەیاندوە کە ئەگەر AKP هەنگاوی بە کردەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ١٠ خاڵە هەڵگرێ، ئەوانیش داواکەی ڕێبەرەکەیان بە جێ دەگەیەنن، ئەرکی سەر شانی AKP ش لە جاران قورستر دەبێ و دەبێ ئەوان لە باتی بیرکردنەوە لە پەسندکردنی پەکەیجێکی بەم شێوەیە، بیر لە ١٠ خاڵەکەی نەخشە ڕێگای چارەسەری بکەن، بۆ ئەوەی کە بتوانن ئاشتی و دێموکراسی و ئاسایش لە سەرتاسەری وڵاتەکەیاندا جێگیر بکەن.

هەرچەند کە داواکەی ئۆجالان و پێشوازیکردنی PKK لەو بانگەوازەی ناوبراو وەك هەونگاوێك بەرەو پێشەوە لە ڕەوتی چارەسەریدا چاو لێ دەکرێ، بەڵام وا دیارە کە هەر یەك لە لایەنە سەرەکییەکانی ئەو ڕەوتە، چاوەڕێی هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوی بە کردەوە لە لایەن یەکترەوە بن کە ئەمەش بێ بڕوایی لە نێو لایەنەکاندا نیشان دەداو کێشەیەکی سەرەکی دەبێ لە بەردەم نەخشە ڕێگاکەی ئۆجالان، هەروەك چۆن لە دووساڵی ڕابردووشدا ئەمە خاڵی لاوازی پرۆسەکە بوو.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە هەردو لایەن دەبێ بە هەڵگرتنی هەنگاوی بە کردەوە بسەلمێنن کە ئەوان خوازیاری چارەسەرییەکی ڕاستەقینەن، چونکە تەنیا چارەسەرییەکی ڕاستەقینەی پرسی کوردە کە دەتوانێ ئاشتی و دێموکراسی و ئەمنیەت بۆ کۆمەڵگای تورکیە وەدی بێنێ، نە ئەوەی کە AKP هەوڵ بدات بۆ سنووردارکردنی چالاکیە مەدەنیەکانی خەڵك، یان هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی «PKK»، لە باتی چارەسەریی «پرسی کورد».

# نەورۆز و ترسەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەچوونی

**هیوا میرزایی**

خۆش گوزەرانی و بەسەر بردنی کات و چێژ وەرگرتن، یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێکە لە کۆمەڵگا و ئەرکی دەسەڵاتدارانی هەر وڵاتێکە کە هەل و بەستێنەکانی ئەم مافە سەرەتاییە خۆش بکەن تاکوو تاکەکان لە کۆمەڵگا بتوانن لە ڕۆژانی پشوو و بۆنە نەتەوەییەکاندا ئەو پەڕی خۆشی و چێژ وەربگرن و بە وزە و تینێکی نوێ بگەڕێنەوە بۆ سەرکار و نێو کۆمەڵگا و ئەمە دەتوانێ ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ گۆڕینی کەشی کۆمەڵگا و بەرزبوونەوەی هیوا و ئومید بە داهاتوو هەم بۆ تاك و هەمیش لە شێوە گشتییەکەیدا کۆمەڵگایەکی زیندووتر و پێشکەوتووتر درووست دەبێ.

بۆنەکانی سەری ساڵ ڕەنگە تەنیا خاڵی هاوبەشی نێوان نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران بن و ئەم بۆنانە هەموو ساڵێك لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە پێش بە بەڕێوەچوونیان دەگیردرێ و لە یەك دوو ساڵێك کە ئیزنی بەڕێوەچوونی بە خەڵك دراوە لە ژێر کونترۆڵی ناوەندە ئەمنییەتی و سەربازییەکانی ڕێژیمدا بەڕێوەچووە و زۆرجار ئەم هێزانە بوونەتە بەربەست بۆ دەربڕینی شادی و خۆشی خەڵك لە بۆنەکانی سەری ساڵ.

بەگشتی کاربەدەستانی ئێران مەترسیداربوونی ئەم جۆرە ڕێوڕەسمانە بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان دەکەنە بیانوی پێشگرتن لە بەڕێوەچوونیان بەڵام پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە ئایا بەڕاستی گیانی هاووڵاتیان و خەڵکی ئێران بۆ کاربەدەستانی ئێران بەها و نرخێکی هەیە، ئەگەر گیانی هاووڵاتیان لە لای ڕێژیمی ئێران پڕبایەخە ئەدی بۆچی پێش لە بڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان ناگیردێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاماری تووشبووان بەم مادە مەرگهێنەرە هەڵدەکشێ. بۆ بیرێك لە وەزعی گوزەران و بژێوی خەڵك ناکەنەوە، ئەوە نییە خەڵك لە وەزعێکی خراپی ئابووریدان. بۆیە پاراستنی گیانی هاووڵاتی بیانووە و مەبەستی سەرەکی ڕێژیم لە پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنانە تەنیا و تەنیا ترسی کۆماری ئیسلامیە لە کۆبوونەوەی خەڵك و ئەمە بە مەترسی بۆ سەر ڕێژیم و ئەو فەرهەنگە ئیسلامییە دەزانن کە ساڵانێکە کاری بۆ دەکەن و دەیانهەوێ کۆمەڵگایەکی مردوو و ملکەچ و دەستەمۆ دروست بکەن. کۆمەڵگایەکی مردوو توانایی نارەزایەتی دەربڕین و خۆ ڕێکخستن و پەرچەکرداری تێدا نامێنێ و دەبێتە کۆمەڵگایەکی دەستەمۆ لە دەستی دیکتاتۆرەکاندا بەڵام وەك دەبینین سەرەڕای گوشار و بەرەبەست خەڵکی ئێران هەموو ساڵێك بە شێوەی جۆراوجۆر بۆنەکانی سەری ساڵیان کردووەتە جێژن و هاتوونەتە شەقامەکان و بە کردنەوەی ئاگر و سەماکردن ڕێزیان لەم بۆنە نەتەوەییە گرتووە بە تایبەت پاش ئەوەیکە نەورۆز لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك بۆنەیەکی جیهانی دیاری کرا گوڕ و تینێکی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە و بە تایبەت لە کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆنەکانی سەری ساڵ بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژیکراوە و ڕێکخراو بەڕێوە دەچن و دەرخەری کەلتووری بەرزی نەتەوەی کورد و شارستانی بوونی کوردە و تێیدا بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و شێعر خوێندنەوە ڕێوڕەسمی بەشکۆ بەڕێوەچووە ئەمە لە کاتێکدایە کوردستان بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکەی ئێران گوشارێکی ئەمنییەتی زۆرتری لەسەرە بەڵام کورد هیچکات لە داهاتوو بێ هیوا نابێ و هەموو کات بە هیوا و ئۆمێدەوە ژیاوە و خەباتیشی بۆ ڕزگاری هەر لە سەر ئەم بنەمایە داڕشتووە.

بەڵام ئەمساڵ لەگەڵ هەموو ئەم کەند و کۆسپانەشدا ڕێژیم هەوڵی داوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکارانە و درۆ لە باری زەینییەوە ڕێگە لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنەیە بگرێ. بۆ وێنە بڵاویان کردووەتەوە کە ئەگەر خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆنەی چوارشەممە سووری و نەورۆز بگرن ئەوە داعش زیندانییە دیلە کوردەکان لەو ڕۆژەدا ئاگر تێبەر دەدا و دەیانسووتێنێ. بۆیە خەڵکی ئێمە دەبێ بە وریاییەوە مامڵە لەگەڵ ئەم هەواڵە چەواشەکارانە بکەن و ڕێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی بە مەبەست و ئاکامەکانی خۆیان بگەیەن.



# هەڵسۆڕانی سیاسەتی ئێران بە ماددەی هۆشبەر



**ئیدریس ستوەت**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا عبدولڕەزا ڕەحمانی فەزلی وەزیری کشوەری کۆماری ئیسلامی ئێران و جێگری فەرماندەی گشتی هێزی سەربازی و بەرپرسی گشتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ماددەی هۆشبەر پەردەی لە سەر داهاتی مافیای سپای پاسداران لابرد و لە چەند وتەیەکدا هێمای بۆ مادده هۆشبەرەکان کرد و بە یەکێك لە گرینگترین خەسارەکانی کۆمەڵگا وەسفی کرد و ڕایگەیاند کە داهاتی ئەو پولە پیسە تێکەل بە هەلبژاردنەکانی ئێران و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بووە.

لە کەس شاراوە نیە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێران بە گەورەترین و مەترسیدارترین مافیای قاچاخی ماددەی هۆشبەر لە ئێران و جیهاندا ناسراون و ئێران دەروازەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەرە لە جیهاندا. و ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسیەوە سەیری بکەین دەبینین کە لە لایەك کۆماری ئیسلامی ئێران بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەر زۆرتر بۆ مەبەستی بردنەپێشی سیاسەتە گڵاوەکانی خۆیان بەکار دەبەن و بۆ نائارامی و قەیرانی کۆمەڵایەتی لە ئێران و جیهان، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژاوا کەڵکی لێوەر دەگرن و لە لایەکی دیکەوە لە بواری ئابورییەوە هیچ چالاکییەکی ئابوری بە قەدەر بازرگانی ماددەی هۆشبەر بۆ ئێران و سپای پاسداران داهاتی نیە و بۆ جێبەجێ کردنی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر و کارە قێزەونەکانیان لەگەڵ تەواوی تیرۆریستان و خرابکارانی جیهان هاوکارە و ئەو داهاتە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی سیاسەت و هەلبژادنەکان و سپادا سەرف دەکرێ، بەشێك لە داهاتی ترانزیتی ئەو مادده هۆشبەرە بۆ بەهێز کردنی گرووپە تیرۆریستەکان تەرخان دەکرێ و کاری تیرۆریستی پێ ئەنجام دەدەن.

لەحاڵی ئێستادا بە هۆی ترانزیتی سپای پاسداران بە ماددەی هۆشبەر داهاتی ئەو سپایە ئەوەندە زۆرە کە بەهیچ شێوەیەك مەزەندە ناکرێ و زۆربەی هەرە زۆری ئابوری ئێران بە دەست سپای پاسدارانەوەیە و بەتایبەت دەسەلاتدارانی پلەبەرزی ئەو سپایە بەگشتی بوونەتە ملیاردێر.

لە ئێرانیشدا کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ناوەندی سەرەکی بە پیشەیی کردنی هەموو جۆرە ماددەیەکی هۆشبەرە و بۆ ماڵوێرانکردنی خەڵك و بۆ ڕاگواستنی کارئاسانی کردووە و دەیکات، (کە لە هەموو شوێنێك تەنانەت لە گوندەکان و زیندانەکانیش دەست دەکەوێ) ناوە بە ناوەیش بۆ ئەوەی کە ڕۆخسارێکی جوان لە خۆیان نیشان بدەن و بە ڕای گشتی جیهان وا نیشان بدەن کە لە بەرەی پێشەوەن بۆ بنبڕ کردنی ئەو مادانە، ماوە بە ماوە ژمارەیەك لە دەسفرۆش و قاچاخچیانی دەرەوەی چەرخی مافیایی خۆیان بە مەبەستی سیاسی خۆیان دەگرن و زیندانی دەکەن و لە سێدارەی دەدەن.

وەك دەشبینین کە کڕین و فرۆشتنی مادەی هۆشبەر لە نێو کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بەتایبەتی کەم نەبووە و زیاتر لە جاران پەرەی سەندووە و بە داخەوە کوماری ئیسلامی ئێران، بەشێکی زۆری لاوانی ئێران و کوردستانی تووش و گیرۆدەی ئەو مادە هۆشبەرە کردووە.

# چرچیل لە کۆنگرێس، چێمبرلەن لە کۆشکی سپی

سەلام ئیسماعیلپوور



وتەکانی بنیامین نتانیاهوو، سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل لە کۆنگرێسی ئەمریکا کاردانەوەی جۆراوجۆری لە نێوخۆی ئەمریکا و لەئاستی نێونەتەوەییدا لێ کەوتەوە. ئەوە یەکەم جار بوو کە لە دوو سەدەی ڕابردوودا ڕێبەری وڵاتێکی دیکە لە کۆنگرێسی ئەمریکادا ڕەخنەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دەگرت و لە گەڵ پێشوازی و تەنانەت چەپڵەلێدانی بەردەوامی ئەندامانی کۆنگرێس بەرەوڕوو دەبوو. ئەگەرچی باراك ئۆباما و هاوکارانی لە دەوڵەتی ئەمریکادا ئامادە نەبوون پێشوازی لە سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل بکەن و گوێ بۆ قسەکانی بگرن و هەروەها ٦٠ کەس لە ٢٣٢ سێناتۆر و کۆنگرێسمەنی دێموکرات ئامادە نەبوون لەو دانیشتنەدا بەشدار بن، بەڵام زۆرینەی کۆنگرێسمەن و سێناتۆرە دێموکراتەکانیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون و بە شێوەیەکی هاودەنگ لەگەڵ باڵی زۆرینەی کۆماریخواز، پشتیوانییان لە قسەکانی نتانیاهوو کرد.

کاکڵی سەرەکیی قسەکانی سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل، ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لە مەترسییەکانی ڕێککەوتنێکی ناوکیی خراپ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. نتانیاهوو زۆر جار لە قسەکانیدا بە باسکردن لە هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خەڵکی ئێران، وڵاتانی دراوسێ و هەروەها ئەمنیەتی ئیسراییل و ئەمریکا و کۆمەڵگای جیهانی بە گشتی، هەوڵی دا بە جیهان بڵێ کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە نیە کە بتوانن بە دانوستان و دیالۆگی بەرانبەر بیکەنە حکوومەتێکی دەروەست بە بنەما و پرەنسیپە نێوەنەتەوەییەکان، هەر بۆیە تاقە ڕێگای هەڵسوکەوت لەگەڵ وەها ڕێژیمێکدا تەنیا گوشارهێنان و گەمارۆدانی هەرچی زیاترە. نتانیاهوو روو لە کەسانی وەك ئۆباما و هاوکارانی کە پێیان وایە زیادکردنی گەمارۆکان و گوشارهێنانی زیاتر لە کاتی وتووێژە ناوکییەکاندا دەبێتە هۆی کشانەوەی ئێران لە مێزی دانوستان و تێکچوونی ڕەوتی چارەسەری دیپلۆماتیك، وتی: «ئێرانییەکان زیاتر لە ئێوە پێویستیان بەم ڕێککەوتنەیە، هەر بۆیە، نابێ لە هەڕەشەکانیان لەمەڕ کشانەوە لە ڕەوتی دانوستان بترسن، چوونکە ئەوان لە کاتی مامەڵە کردن لە بازاڕیشدا لەم فرۆفیشاڵانەیان هەیە، لێیان گەڕێن با بکشێنەوە، ئەگەر گوشار زیاتر بکرێت، بۆ خۆیان دێنەوە سەر مێزی وتووێژ».

ئەم وتانەی نتانیاهوو وەبیرهێنەری ڕاستییەك بوو کە لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا چەندین جار تاقی کراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی تاران هەرگیز نابێ هەست بەوە بکەن کە لایەنی بەرانبەریان زیاتر لەوان هیوا و پێویستی بە مێزی وتووێژە و تەواوی هێلکەکانی خۆی هاوێشتۆتە نێو سەوەتەی سەرکەوتنی دیپلۆماسی. لە مێژووی ئەو چەندساڵەدا هەمیشە لە هەلومەرجێکدا وتووێژ چۆکی بە کۆماری ئیسلامی داداوە کە زیاتر گوشاری کەوتبێتە سەر و لایەنی بەرانبەری دەستی ئاوڵاتر بووبێت لە هەڵبژاردنی بژاردەی سیاسی، ئابووری یان سەربازیی دیکەدا. بە پێچەوانەش هەر کاتێك کە هەستیان کردووە لایەنی بەرانبەریان هەموو ڕێگاکانی دیکەی لە خۆی داخستووە و بەدەر لە درێژەدان بە دیالۆگ، هیچ پردێکی لە پشتی سەری خۆی نەهێشتۆتەوە، هەمیشە توانیوانە کەڵکی خۆیان لەو ڕەوتە وەربگرن و بە ئاقاری دڵخوازی خۆیاندا ببەن و لە ڕاستیدا لە سەر ڕەیل بیترازێنن و لە باری ببەن.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل بە توندی ڕەخنەی لێ گرت، نەرمی نواندنی ئەمریکا لەگەڵ دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بیانووی شەڕ لەگەڵ داعش بوو. ئەو ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە ئێران هەنووکە دەستی بە سەر چوار پایتەختی عەرەبی (بەیرووت، دیمەشق، بەغدا و سەنعا)دا گرتووە و هەڕەشەی سڕینەوەی ئیسراییل لە سەر گۆی زەوی دەکات و لە ئەگەری ڕێککەوتنێکی خراپدا دەتوانێ تەواوی ناوچەکەش کۆنترۆڵ بکات. نتانیاهوو هەروەها وتی: «تەنانەت ئەگەر ئێران دوژمنی داعشیش بێت، دیسانیش هەر دوژمنی دوژمنەکەتان دۆستی ئێوە نیە، بەڵکوو دوژمنی ئێوەیە».

نتانیاهوو ڕایگەیاند: «ئێمە نازانین ئێران لە چەند شوێنی دیکەدا پرۆژەی ناوکیی نهێنیی هەیە. کەواتە چاوەدێرانیش ناتوانن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن و لە ئەگەری وەها ڕێککەوتنێکدا ئیسلامی سیاسیی چەکدار و بۆمبی ئەتۆم یەك دەگرن... و پاشان وڵاتانی دیکەی ناوچەش بۆ پاراستنی خۆیان ناچار دەبن ببنە خاوەنی بۆمبی ئەتۆم و کێبڕکێی ئەتۆمی ئاڵۆزترین ناوچەی جیهان دەگرێتەوە».

ئەو هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر بۆ بە چۆکداهێنانی داعش ڕێگا بە ڕێژیمی ئێران بدریت چەکی ئەتۆمی بە دەست بهێنێ، وەك ئەوەیە کە لە شەڕگەیەکدا سەرکەوتن بە دەست بهێنی، بەڵام شەڕەکە بە گشتی بدۆڕێنی.

نتانیاهوو پێی وابوو کە هەر جۆرە ڕێککەوتنێك دەبێ کۆماری ئیسلامی ناچار بکات واز لە پاڵپشتیکردنی تیرۆریزم بهێنێت، چیدی دەستدرێژی نەکاتە سەر وڵاتانی ناوچەکە و بۆ هەمیشە کۆتایی بە هەڕەشەکانی بۆ سەر ئیسراییل بهێنێ.

کۆتایی قسەکانی نتانیاهوو ئەوە بوو کە وتی: «ئەگەر ئیسراییل ناچار بێت، بە تەنیایی بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵام دەزانم کە ئەمریکاش لەگەڵ ئیسراییل دەبێت».

ئەو وتارەی سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل دەری خست کە ئەو ئێستا هاوشێوەی وینستۆن چرچیل، تاقە دەسەڵاتدارێکە کە هەستی بە مەترسییەکانی هیتلری سەردەمی خۆی کردووە و هێژمۆنیخوازی و ئاژاوەگێڕییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە و جیهاندا بە مەترسیی سەرەکی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەزانێت. کۆنگرێسی ئەمریکاش بە پێشکەشکردنی پەیکەرەیەکی چرچیل بە ناوبراو نیشانی دا کە لەو هاوشێوەییە و هەروەها هاوشێوەیی سیاسەتەکانی ئۆباما لەگەڵ چێمبرلەن، سەرۆك وەزیرانی پێش چرچیل لە بریتانیادا تێگەیشتووە کە هەوڵی دەدا لە ڕێگای دیالۆگەوە هیتلر ڕازی بە ئاشتبوونەوە بکات، بەڵام سیاسەتەکانی لە کردەوەدا بوون بە هۆی بەهێزبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی هیتلر و پەرەگرتنی فاشیزم لە ئورووپادا.

# دەوڵەتی ئیسلامی «داعش» و داهاتوویەکی نادیار

عارف وەڵزی

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە «داعش»، ئەو گرووپە بناژۆخواز و توندڕەوەیە کە لە بۆشایی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە سووریا و هەروەها لاوازی و گرێدراوبوونی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لەسەر بنەمای توندڕەوی و ترساندن و تۆقاندنی خەڵك هاتە ئاراوە. بەڵام ئەوەی کە جێگەی سرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە چ لەو کاتەوە کە داعش بەشێکی زۆری خاکی سووریای داگیر کرد و چ دووایش کە هێرشی کردە سەر خاکی عێراق، و بە چەند کاتژمێرێك بەبێ شەڕ مووسڵ و تکریت و بەشێك لە خاکی ئەو وڵاتەی بە شوێنە سەربازی و ئەمنییەکانیشیەوە داگیر کرد، شێوەی تەعامول و ڕەفتاری ئەو گرووپە وێرانکەر و جینایەتکارە لەگەڵ دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریە و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق چ لە سەردەمی مالکی و چ لە سەردەمی عبادی بوو.

چوونکە وێدەچی کە ستراتێژی دامەزران و هێرشەکانی داعش لە ناوچەکە، لێدانی ئەو لایەنانە بێت کە مەترسین بۆ سەر دەسەڵاتی شیعە لە هەردوو وڵاتی سووریە و عێراق و بەتایبەت دەسەڵاتی سێبەری کۆماری ئیسلامی لەم دوو وڵاتەدا. ئەمەش بەم واتایە دێت کە ڕەنگە زۆر وڵات و لایەن پشتیوانیی جۆراوجۆری ماڵی و سەربازیی بۆ داعش بەڕێ بکەن، بەڵام ئەگەر نەڵێین داعش دەستکردی ئێرانە، بە لایەنی کەمەوە دەتوانین بڵێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران خاوەنی نفووز و پێگەیەکی بەهێزە لە نێو ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیەدا.

بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و هاوکات خۆبواردن لە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی شیعە بوو. چوونکە بە هێرش بۆ سەر کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەوڵەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، پەیامی نەیارانی کورد و لە سەرووی هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێرانی گەیاند کە چاوی دیتنی سەربەخۆیی و پێگەی بەهێزی کوردیان لە ناوچە و جیهان نییە و قەڵسەی پێ دەگێڕن، هەروەها بە پێشڕەوی تا قووڵایی ناوچەکانی سوننەنشین و خۆ بواردن لە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی شیعەکان کە ناوەندی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا بە ئەژمار دێن و هێڵی سوورن، نیشانیدا کە باسکێکی بەهێزی نێو داعش سەر بە کۆماری ئیسلامییە و ئەوە تارانە دیاریی دەکات کە بۆ کوێ و تا کوێ هێرش بەرن و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و هاوپەیمانەکانی چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە لە ناوچە بپارێزن.

بەڵام بە خۆشیەوە سیاسەتی ڕاست و دونیا پەسەندی ئەمڕۆی لیدێرەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان و بوونی پێگەی بە هێزی ناوچەیی و فاکتۆر بوونی کورد لە تەناهی و ئارامی ناوچەکەدا لەلایەك و لە لایەکی دیکەوە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ئاشکرا و سازدان و تەیارکردنی گرووپ و تاقمی جۆراوجۆری تیرۆریستی لە ژێر ناوی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریە و عێراق، وای کرد کە کۆمەڵگای جیهانی و وڵاتانی زلهێزی وەکوو ئامریکا و فەڕانسە و بریتانیا و ئاڵمان و ... هتد بە گشتی بە پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی دەوڵەتی لە دژی داعش، بێنە سەرخەت و بە ناردنی چەك و چۆڵ و کەرەستەی سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگە و هاوکات بە بۆردوومان و بڕینی شادەمار و سەرچاوەکانی داهاتی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشە بەو هێزە دەستکرد و تاریکپەرەستە بکەن و بەرەو لەنێوچوونیان بەرن.

ئێستاش دوای چەند مانگ شەڕ و خۆڕاگری گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر داعش و هەوەها پەل هاویشتنی ئەم گرووپە بۆ لیبی و وڵاتانی دیکە و خولقاندنی جینایەتی وەك سووتاندنی فرۆکەوانە ئۆردنییەکە و سەربڕینی ٢١ هاووڵاتی قبتی میسر و بە دەیان کارەساتی ترسناکی دیکە لە نێوخۆ و دەرەوەی عێراق و سووریە، دەبینین کە بە خۆشیەوە ستراتێژی لەناوبردن و دەرکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکە پێی ناوەتە فازێکی نوێ و کورد و عێراق و وڵاتانی ناوچە و بە گشتی جیهان هەوڵەکانیان بۆ لێدان و لەنێوبردنی چڕتر کردۆتەوە.

نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو هەوڵانەش هاتنی پاپۆڕی زەبەلاحی فرۆکەهەڵگری وڵاتی فەڕانسە بۆ کەنداو و بۆ هاوکاری هاوپەیمانان لە لێدانی داعش و، هاوکات سەردانی ئاشتۆن کارتێر وەزیری دیفاعی نوێی ئامریکا بۆ وڵاتی کوێت و داڕشتنی سیاسەت و پلانی نوێ بۆ لەنێوبردنی داعش و لە لایەکی دیکە خۆسازدانی دووبارەی سوپای عێراق و لە هەموویان گرینگتر بڕیاری بەشداری کردنی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ لێدان و ڕاوەدوونانی چەکدارانی داعش لە عێراق.

بێکومان ئەگەر بێین و لێی ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم هەنگاو و سەرەکیترین هەنگاوی پێویست بۆ لاواز کردن و لەنێوبردنی داعش و هەموو تاقم و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە، ئەوەیە کە دەستی تێکدەر و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران، کە تا ئێستا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێو کاروباری نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی سووریا و عێراق و لوبنان و یەمەن و ... هتد و تەنانەت هەندێك لە وڵاتانی ئامریکای لاتیندا هەیە دۆخی سیاسی و ئەمنی ئەو وڵاتانەی شێواندووە، کورت بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێ کە چیدی سوپای قودس ئارامی ناوچەکە بشێوێنێت. هەر ئەمەش دەتوانێت ببێتە دەسپێك و هەنگاوێکی گرینگ لە پێناو لاواز کردن و پاشەکشەپێکردنی ئەم گرووپە تیرۆریست و دژە مرۆڤە، لە کوردستان و عێراق و سووریا و ناوچەکە بە گشتی.





# خامنەییە کە دەتوانێت بڕیاری کۆتایی لە سەر ڕێککەوتنی ناوکی بدات

ن: ئالێکس فیشمەن

و: کەیهان یووسفی

سەرۆک وەزیرانی ئیسراییل، بنیامین نتانیاهۆ دەیهەوێت لە پشت تریبۆنی تایبەتی کونگرێسی ئامریکا ڕاوەستێت و قسەبکات، هەروەها ئامریکایی و ئێرانیەکان خەریکی بڕینی ئاخرین کیلومیترەکانی ماراتۆنی وتوێژکانی پەیوەندیدار بە پرۆگرامی ناوکی ئێرانن. هەر وەکوو هەموو ماراتۆنێك، کیلۆمیترەکانی کۆتایی زۆر سەخت و دژوارترە.

دوو لایەن لە حاڵی حازردا خەریکی نزیکبوونەوە بە خاڵی یان هەموو شتێك یان هیچ شتێکن. ئەو ڕێگاچارە و فۆرموولانەی کە پێشتر بۆ کێشە و گرفتەکان دۆزرابوونەوە خەریکە ئیزن دەدەن کە لایەنەکان ڕێککەوتنێك لە سەر بنەمای پرەنسیپەکان واژۆ بکەن کە ئاکامەکەی دەبێتە ڕاوەستانی چالاکی ناوکی ئێران.

لەمپەری سەرەکی کە لە کیلۆمیترەکانی کۆتایدا هەیە و دەبێت لابرێت، گەمارۆ ئابوورییە نێونەتەوەییەکان لە سەر ئێرانە، هەروەها لابردنی سنووردانان و چاودێری توند لە سەر پیشەسازی ناوکی ئێرانیەکان کە خشتەی زەمانی بۆ ئەم کارەش دەبێت دابنرێت.

ئەمە لە ڕواڵەتدا بەشێکی تێکنیکی و پسپۆڕانەیە، بەڵام لە واقعدا گرفتێکی سیاسیە کە لە بەردەرگای ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی و سەرۆك کۆماری ئامریکا، باراك ئۆبامادا بوونی هەیە.

ئێرانیەکان تەنیا شەڕ بۆ لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان ناکەن ـ ئەمە پێشتر زۆر ڕوون بوو کە ئەوان دەیانهەوێت یەك ڕێگا یان ڕێگاگەلی دیکە وەدەست بێنن. ئەوان خوازیاری ئەوەن کە حکوومەتی ئامریکا ڕێککەوتنێك واژۆ بکات کە بە شێوەی بنەڕەتی میکانیزمی گەمارۆ و ئابلۆقەدان بشکێنێ. ئەمە ئامانجگەلێکە کە لە داهاتوودا دەتوانێت خولقاندنی هەر چەشنە نزیکی و پەیوەندییەك لە نێوان چالاکانی ناوکی دیکە و ڕێژیمی گەمارۆدراودا نەلواو بکات.

ئەمە داواکارییەکە کە حکوومەتەکەی واشنگتۆن توانایی ئەوەی نیە کە لە کۆنگرێسدا پەسەندی بکات و ئەمەش دەرفەتێکە بو وڵاتانی بەهێزی جیهان کە بەم شێوە نەیانهەوێت ڕێك بکەون.

تا ئێستا، ئۆباما توانیویەتی دڵنیگەرانی و جووڵەکانی ئیسراییل و عەرەبستانی سعوودی لە سەر شانی خۆی کۆنترۆڵ بکات. ئەوان فاکتۆرێك نین لەم بڕیاردانەدا. بەڵام ئەگەر ئۆباما ڕێککەوتنێك واژۆ بکات کە لە لایەن هیچ کام لەوڵاتانی زلهێزی جیهان و بەشێکی بەرچاو لە بیروڕای گشتی و نوێنەرانی کۆنگرێسی ئامریکاوە قەبووڵ نەکرێت، ئیسراییل و سەعوودی ئەو کاتە دەتوانن لە بان سەری ئۆباما سەما بکەن.

ئامریکا لە ڕۆژی هەینی پرێس کۆنفرانسێکی کورتی بە سەرەپەرەستی جێگری سیاسی وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵات، وێندی شێرمەن کە سەرۆکایەتی لیژنەی دانووستانکاری ئامریکا لە گەڵ ئێران بۆ پرۆگرامی ناوکی ئەم وڵاتە دەکات، بەڕێوەبرد. ئامانج لاواز کردنی بنەمای وتاردانی نتانیاهۆ لە کۆنگرێسی ئامریکا بوو.

شێرمەن وەکوو باسەکانی دیکە لەمبارەوە دیسانەوە وتی: «هێشتا هیچ ڕێککەوتنێك نەهاتۆتە ئاراوە، هێشتا کێشە و گرفت بوونی هەیە و هەر ڕێککەوتنێك دەتوانیت بە چەشنێك ئەو هێڵە سوورانە بێت کە لە لایەن حکوومەتی ئامریکاوە دیاری دەکرێت و ئەویش لە خۆگری چاودێری وردتر و سنووردانان بۆ پیتاندنی ئۆرۆانیۆم و پلۆتۆنیۆمە».

لەو پرێس کۆنفرانسە کورتەدا شێرمەن ئاشکرای کرد کە چاوەڕێ دەکرێت کە ناوەرۆکی پرەنسیپەکانی ڕێککەوتنەکە لە گەڵ ئێرانیەکاندا ڕۆژی ٢٤ مارس واژۆ بکرێت. ئەو هەروەها وتی کە ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێران بچووکتر بکات و هەروەها کەلێنێك دروست بکات کە لانیکەم یەك ساڵ دەستڕاگەیشتنی ئێرانیەکان بۆ بە دەستهێنانی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی پێویست بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی وەدوا بخات( دروستبوونی بۆمبێکی ئۆپراسیۆنی دوو ساڵ درێژە دەکێشێت). لەم ماوەدا ئامریکا، ـ لە ڕێگەی چاودێری وردەوە ـ دەتوانێت بزانێت کە ئایا ئێرانیەکان دەیانهەوێت ئەو ڕێککەوتنە بپارێزن یاکوو کارێکی دیکە ئەنجام بدەن.

ئێران لە سەرسامی و تامەزرۆیی ئۆباما قازانجمەند بووە

شێرمەن ئەو شتانەی کە وەزیری کاروباری دەروە، جان کێری وتبووی دووپات کردەوە: باشتر وایە بە ڕێککەوتنێکی دیپلۆماتیك بگەین ئەگەرچی کاملیش نەبێت و لە حاڵێکدا کە چاودێرییەکان توندتر بێت، لە هەلومەرجێکدا کە ئێرانیەکان ئۆرانیۆمی پیتێندراوی پێویستیان بۆ خێراتر گەیشتن بە بۆمب هەیە، دەتوانێت ئێران لە بۆمبی ناوکی دوور ڕابگرێت.

هێشتا وتوێژەکان کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئێرانیەکان و ئامریکاییەکان پێشتر ڕێککەوتوون لە سەر کۆمەڵێك بابەتی بنەڕەتی کە لە خۆگری کەمکردنەوەی ژمارەی سێنترفیۆژی چالاکە. هێشتا فۆرمۆلی کۆتایی لەسەر ژمارە و چۆنایەتی سێنترفیۆژەکان دیاری نەکراوە کە ئەمە دەتوانێت لە ناودەستی ئێرانیەکاندا بمێنێتەوەو چاوەڕوان دەکرێت کە پێش ئەوەی ڕێککەوتنەکە لە مانگی ژووەندا واژۆ بکرێت، ئەم بابەتە لە ڕێگەی پسپۆڕان و کارناسانەو چارەسەر بکرێت.

هەروەها ئێرانیەکان ڕازی بوون بە گۆڕینی ڕێئاکتۆری ئاوی قورسی «اراك» و ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی کە لەو سایەتەدا پلۆتۆنیۆم بەرهەم بهێنرێت.

بێجگە لەمەش، ژمارەیەك لە ئیمکاناتی پیتاندنی ئۆرانیۆم کەم دەکرێتەوە: ئێرانیەکان نایانهەوێت کە ئیمکاناتی نهێنی خۆیان لە «فۆردۆ» بێ کەڵك بکەن و لە ناوی بەرن، بەڵام هیچ پیتاندنێکی دیکە بوونی نامێنێت. نەتەنز تەنیا شوێنێکە کە ئەوان ئیزنیان هەیە و دەتوانن درێژە بە ئەنجامدانی ئەو کارە بدەن .

پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئاستێکی خواردا کە لە ڕێککەوتنی کاتیدا لە سەری ساغ بوونەتەوە، لە ئەگەری ڕێککەوتنی کۆتاییدا وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.

نوێنەرانی ئایەتوڵلاکان هەروەها داواکاری وڵاتە زلهێزەکانیان قەبووڵ کردووە کە زانیاری لە بارەی پرۆگرامی ناوکی سەربازییەوە بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی (IAEA) بدەن و هەروەها پێگەیشتوون و درکیان بەوە کردووە کە دەبێت لە داهاتوودا چاودێری ورد و بێ وێنە لە سەر کاروباری ناوکی ئێراندا بکرێت. ئەم خاڵە هەستیارە هێشتا زۆر مەسەلەی مشتومڕ هەڵگر لە خۆ دەگرێت کە دەتوانێت هەڵوەشێتەوە.

لە نیگای یەکەمدا، وا دەردەکەوێت کە ئێرانیەکان بەشێك لەو ڕێگایەیان بە باشی بڕیوە بە نیسبەت ئەو داواکارییانەی کە زلهێزە جیهانیەکان و ئامریکا هەیان بووە. وە لە ڕاستیدا ئۆباما لەڕادەبەدەر سەرسام بووە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێك شکل بگرێت و واژۆی بکات. کاتێك ئەم شتە ڕووی دا، سەرۆك کۆمار، ئۆباما دەتوانێت وەکوو سەرکەوتنێکی بێ وێنە نیشانی بدات و بڵێت کە ئەو دەتوانێت خزمەتی بەرژوەندییەکانی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێ بکات و ئەویش لە ڕێگەی هاوپەیمانی نوێی خۆی لە شەڕ دژی ڕادیکالیزمی ئیسلامیدا.

کێشەکە ئەوەیە کە ئێرانیەکان قازانجی کامڵ دەبەن لە سەرسامی و مەیلی ئۆباما بۆ واژۆ کردنی ڕێککەوتنێك. ئەوان دەیانهەوێت کە گەمارۆکان و چاودێرییەکان سنووردار و بەرتەسك بێت.

ئێرانیەکان نایانهەوێت سەبر بکەن. ئەوان خوازیاری ئەوەن کە کۆشکی سپی گوشار بخاتە سەر شوورای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرێس بۆ لابردنی هەڕەشەی گەمارۆکان یەك جار و بۆ هەمووی ، هەروەها دەیانهەوێت وردەکارییەکانی خشتەی زەمانی لەمبارەوە ببینن. هەر بۆیەش زەرەری واقعی وتاردانەکەی نتانیاهۆ لە ڕۆژی سێ شەمەدا دەتوانێت کاریگەری لە سەر هەڵوێستی کۆنگرێس بە دژی سەرۆك کۆمار هەبێت و ئیمکانی ئەوە هەیە کە سەرۆك کۆمار لە مافی ڤیتۆی خۆی لە ئەگەری دانانی گەمارۆی زیاتر لە بەرنامەی کاری کۆنگرێسدا کەڵك وەربگرێت.

گرفتەکە وەکوو خۆی ماوەتەوە

بە چاودێری ورد و بە کارهێنانی گەمارۆکان لە ساڵەکانی داهاتوودا بە نیسبەت ڕێژیمی ئێران چ ڕوو دەدات؟ ئایا بە شکڵگرتنی ڕێکەوتنامەیەك، ئەم وڵاتە ئیدی ناوکی نابێت؟

تەنیا شتێك کە ئامریکاییەکان دەتوانن هەنووکە و ڕاستگۆیانە بیڵێن ،چاودێری کردن بە سەر ئەم ڕێژیمەیە لە ماوەی ئەم ١٠ تا ١٥ ساڵەی دواییەدا. ئەوان ناتوانن خشتەی زەمانی بۆ لابردنی گەمارۆکان و چاودێری کردن باس بکەن. ئەمەش هەروەها بڕبڕەی مشتومڕی نێوان لایەنەکانە، کە لە ماوەی ٣ حەوتووی دیکەدا دەبێت چارەسەر بێت ـ ئەگینا هیچ ڕێککەوتنێك بوونی نابێت.

ئەگەر ئێرانیەکان بگەن بەو شتەی کە ئەوان لە ئاخرین دانیشتنە ڕاستەوخۆکاندا ویستوویانە، ئەوە دەتوانێت هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان لە شوورای ئاسایش و کۆنگرێس لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا بێت. ئێرانیەکان لەو باوەڕەدان کە بە بێ میکانیزم گەمارۆکان ناتوانرێت لاببرێت و بگەڕێنەوە سەر دۆخی جاران. ئەوان تێگەیشتوون کە ئامریکا توانایی ئەوەی هەیە کە کۆدەنگی نێونەتەوەیی بۆ پەراوێز خستنی دوبارەی ئێران بە دەست بێنێت.

نهێنێکی بچووك پێش لەم ڕێککەوتنەکەوە دەمێنێتەوە، ئەوەش سەرچاوەیەکی یەکەی ئیتلاعاتیە کە هێشتا بێ چارەسەر ماوەتەوە: عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە تەنیا دەتوانێت ئەوە پەسەند و ڕێکی بخات؟ کلیللەکان لە دەستی ئەودایە و ئەویش هیچ کات بەڵێنی نەداوە پێشنیار و بۆچوونەکانی سەرۆك کۆمار، حەسەن ڕۆحانی قەبووڵ بکات کە لە وتوێژەکاندا باسی لێوە کردووە.

لە ماوەی وتوێژە ناوکیەکان لە چەند مانگی ڕابردوو، ڕاوێژکاری ئەوان لە ڤیەندا ئاماژەی بە واژۆکردنی ڕێککەوتنامەکە کرد، بەڵام ڕووحانی گەڕایەوە بۆ ڕاسپاردە و ڕێنماییەکان پەیوەندی دا بە بەشێکی زۆر لە هۆکارە نێوخۆییەکانی ئێران. هەر کات دەرکەوت کە خامنەیی هەموو شتێکی پەسەندی کردووە ئەو کاتەیە کە هەموو ئێمە دەزانین کە ئەم ڕێککەوتنە بە ئەنجام گەیشتووە.

سەرچاوە:
http://www.ynetnews.com

## جووت حەوت



هەوراز

ـ بەپێی هەواڵی دەزگای هەواڵگریی جووت حەوت لە بەیتی خامنەییەوە، هەموو ئەندامە گرینگەکانی لەشی ڕێبەری میلیشیاکانی جیهانی ئیسلام لە کار کەوتوون، بەڵام هێشتا نەمردووە! دەڵێن چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەوە ئیتر پێوەندیی بە کەسەوە نیە، لە بەر ئەوەی کە ئاغا نە حیساب بۆ کەس دەکات و نە تەنانەت بۆ ئەو ئەندامانەی لەشی خۆی کە ئێمە پێمان گرینگن. لە بنەڕەتدا وێدەچێت ئەو شتانەی کە ئێمە بە ئەندامە گرینگەکانی لەشیان دەزانین (بە تایبەتی مێشك و دڵ) هیچ ڕۆڵێکیان لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کاروباری ئێران و تەنانەت لە ژیانی شەخسیی خامنەییدا نەبێت و بۆ ناوبراو زۆریش گرینگ نەبن. هەر بۆیە لە کار کەوتنی ئەندامە گرینگەکانی لەشی ئەو هیچ پێوەندییەکی بە مردنیەوە نیە. شارەزایانی پزیشکی و ناپزیشکی دەڵێن کێشەکانی جیسمی ناقیسی ئاغا (خۆی گوتەنی) لە ئەندامە ناگرینگەکانی وەك دەست و مەچەکیەوە دەست پێ دەکەن و هەتا ئەندامە گرینگەکانی واتە ریخۆڵە و گەدە و پرۆستات و مەڵبەندەکانی خوارتریش دەگرنەوە. بەو پێیە کە بەرزترین و باکووریترین شوێنی بڕیاردانی ئاغا و بە واتایەکی دیکە «لووتکەی دەسەڵاتی جیهانی ئیسلام» لە ماوەی بیست و چەند ساڵی ڕابردوودا میعدەی هومایوونی و ناوچەکانی خوارەوەتری بووە. ئێستاش کە ئەندامە گرینگەکانی لەشی ئاغا لە کار کەوتوون، وێدەچێت بۆ ڕاگرتنی لەنگەری ئاسمان و زەوی و تێك نەچوونی باری سروشت، هەوڵ بدرێت بە شێوەیەکی کاتی ڕۆڵیکی زیاتر بە ئەندامانی کەمبایەخی وەك مێشك و دڵی بدەن.

سیخوڕەکەمان لە بەیتی ئاغا هەروەها ڕایگەیاندووە کە لەوانەیە هۆکاری تێکچوونی باری تەندروستیی ئاغا زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی قاپی ژەهری ئەتۆمی بێت، یان لەوانەیە بە هۆی خۆدزینەوەی لە خواردنەوەی ژەهرەکە، پەنچەریان کردبێت واتە پەنچەرکردنی عەرەبانەی ویلایەتی فەقیهیش بەشێك لە ڕێککەوتنەکەی جەماعەتی زەریف و کاترین ئەشتۆن بۆ لابردنی لەمپەرەکانی سەر ڕێگایان بێت، ئەوەش دروستیی بۆچوونەکانی پێشووی جووت حەوت دەسەلمێنێ کە بە خێڵی ئاغای دەگوت: «بترسن لە جادووی زەریف و تاتی ئەشتۆنی فەرهادکوژ».

ـ لە بەرەبەری ٨ی مارسدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە بیری دابینکردنی مافی ژنان و تێڕوانینی خۆیان لە هەمبەر پێگەی ژنان دەردەبڕن. لەو پێوەندییەدا یەکێك لە لاریجانییەکان (عەلی) کە سەرۆکی مەجلیسە دەڵێ: «نتانیاهوو، سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل لە کۆنگرێسی ئەمریکا وەك ژنێکی «بەدکارە» قسەی کردووە و شتی تازەی تێدا نەبووە». بۆچیناڵێ وەك «پیاوی بەدکارە»؟ لە بەر ئەوەی کە پێی وایە ئەگەر پێی بڵێ «ژن»، سووکایەتییەکە خەستتر و کاریگەرتر دەبێت. دواتریش دەبێ لە سەرۆکی مەجلیس بپرسین جەنابت لە کوێ وا بووی بە شارەزای ئەدەبیاتی ئەو جۆرە ژنانە و دەبێ چەندە قسەت لەگەڵ کردبن کە ئیتر قسەی تازەیان پێ نەماوە بۆت؟

لەو پێوەندییەدا هەروەها پرێزیدێنت مەلا حەسەن ڕۆحانی (حەسەنی یەکەم) دەڵێ: «تەنانەت پیرەژنیش بە قسەکانی نتانیاهوو پێدەکەنێت». دیارە پیرەژن دەبێ لە ڕوانگەی سەرکۆمارە یاساناسەکەی شەپۆلی وەنەوشەییەوە چ بوونەوەرێکی سەیروسەمەرە بێت کە تەنانەت پێکەنینەکەشی مایەی سەرسووڕمانە. لەوانەیە شتێکی وەك نەنکی کەڕووبی بێت کە لە دیبەیتەکانی لەگەڵ ئەحمەدی نژاددا وتی: تەنانەت نەنکی منیش دەزانێ».

ـ حەسەنی دووەم (پاسدار حەسەن عەباسی) کە بە خۆی دەڵێ کیسینجێری ئیسلامی، ئەمجارە دەڵێ: «سەرچاوەی هەموو کاولکارییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا تەنانەت لە سەردەمی ئەحمەدی نژادیشدا لیبراڵەکان بوون».

هەر لەو پێوەندییەدا حەسەنی سێهەم (پاسدار حەسەن ڕەحیمپوور ئەزغەدی) دەڵێ: «شۆڕشی ئیسلامی بوو بە هۆی دابینبوونی دێموکراسی لە ئێراندا».

باش بوو زانیمان لە کۆماری ئیسلامیدا لیبراڵەکان باڵادەستن و دێموکراسی جێگیرە، خودای نەخواستە ئەگەر ئیسلامییەکان باڵادەست بوایەن و شتێکی وەك ویلایەتی فەقیە کە لە دنیای ڕۆژئاوادا باوە، لە ئێرانیشدا حوکمی بە دەستەوە بووبا، خۆ کارەسات ڕووی دەدا.

لەوانەیە لە ڕوانگەی حەسەنی دووەم و حەسەنی سێهەمەوە خومەینی و خامنەیی و خەڵخاڵی و میسباح و فەلاحیان و خاتەمی و ڕەفسەنجانی و لاریجانی و جانییەکانی دیکە لیبراڵ بن. کەوابوو کێشەی ئێمەش لە دەرەوەی وڵات، نەبوونی ئازادی لە وڵاتەکەماندا نیە، ژانەسەرمان هەبوو، وتمان لە ئێران بێینە دەرەوە هەوایەك بدا لە کەللەمان و جگەرەیەك بکێشین و دواتر بڕۆینەوە بۆ هەڵمژینی لیبراڵیزم و دێموکراسی.

# ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن

ڕۆژین بەهرامی

٨ی مارسی ١٨٧٥ زایینی، وەبیرهێنەرەوەی، ڕۆژێك بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و پاراستنی کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤە، ڕۆژێك کە تێیدا ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستن و چنینی شاری نیۆیۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان لە ئەنجامی بەرگرییەکی قارەمانانەدا دژی چەوسانەوەیان، لە لایەن خاوەن کارخانەکە، بە توندترین و هۆڤانەترین شێوە لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کران.

بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم یادە سووربوون لە سەر داوا ڕەواکانی ژنان، ژنانی ڕستن و چنینی ئامریکا، لە ٨ی مارسی ١٩٠٧ و پاشان ٨ی مارسی ١٩٠٩ گەورەترین خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سووسیالیستەکان لە شاری کۆپنهاگی دانمارك پێشنیار کرا کە ڕۆژی ٨ی مارس، وەك ڕۆژی جیهانیی بەرخودانی ژنان دیاری بکرێت. لە ٨ی مارسی ١٩١١شدا لە وڵاتانی ئاڵمان، سوویس و دانمارك خۆپێشاندانی مەزن بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم یادە بەڕێوەچوو.

حەوتوویەك دواتر بە هۆی نەبوونی سیستمی ئەمنییەتی، کاری گونجاو و خراپی بارودۆخی کارگەکان، ئاگرکەوتنەوەیەکی مەزن لە کارگەیەکی نیۆیۆرك ڕوویدا و بەداخەوە ١٤٩ ژن سووتان و گیانیان لە دەستدا.

لەو ساڵە بەدواوە زۆربەی وڵاتانی ئۆرووپایی خۆپێشاندانی میلیۆنیان بۆ بەرگری لە مافی ژنان و وەدەستهێنانی مووچەی وەك یەك بۆ کاری یەکسان لەگەڵ پیاواندا بەڕێوە بردووە.

یونیسکۆ لە ساڵی ١٩٧٧ەوە، ٨ی مارسی وەك ڕۆژی جیهانیی ژن دیاری کرد کە هەنووکە ٣٨ ساڵ بەسەر دیارکردنی ئەو ڕۆژە جیهانیەدا تێدەپەڕێ.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی ڕۆژی جیهانیی ژن و چۆنیەتی دیارکرنی لەم کورتە باسەدا کە لە سەرەوە هێمامان بۆ کرد، دەرخەری ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەیە کە ژنان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان لە هیچ چەشنە خەبات و قوربانیدانێك سڵ ناکەنەوە.

بە داخەوە ٢ساڵ پاش دیاری کردنی ڕۆژی جیهانیی ژن، واتە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی بەولاوە ڕێژیمێکی سەدە نێوەڕاستی بەهۆی بەتاڵانبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، دێتە سەرکار، کە نەتەنیا ڕێز لە ڕۆژی جیهانیی ژن ناگرێت، بەڵکوو بە تەواوەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان نامۆیە و هیچ چەشنە باوەڕێکی بە مافی ژنان لە چوارچێوەی جاڕنامەی گردوونی مافەکانی مرۆڤدا نییە.

بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە و چەسپاندنی یاسا کۆنەپەرەستانەکانی، ژنان لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی زیاتر لە هەرکات تووشی کێشە و ئاریشە بوون و لە بەرامبەر ویست و داخوازییەکانیاندا، بە بیانووی بەڕێوەچوونی یاسای ئیسلامی و شەریعەت، کۆمەڵێك بەربەستی نایاسیایی دانراوە و زیاتر لە هەرکات مافەکانیان پێشێل کراوە. نموونەی هەرە بەرچاوی لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەك ژنان ناتوانن خۆیان بۆ پۆستە باڵاکانی وڵات وەك سەرکۆماری بەربژێر بکەن. لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی زلهێزی دونیا ژنان بە سەرکەوتوویی، هەستیارترین پۆستە باڵاکانی ئەو وڵاتانە وە ئەستۆ دەگرن و لەوپەڕی کارامەییدا ئەرکەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە، ژنان لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بە هیچ شێوەیەك تەسلیمی گوشار و ستەمەکانی ڕێژیم و داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگا نەبوون و بە شێوەی مەدەنی و مۆدێڕن و سەردەمیانە لە هەر دەرفەتێکی گونجاو بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆیان خەباتێکی شێلگیرانە دەکەن.

زیندان، ئەشکەنجە، سووکایەتی و...هتد نەیانتوانیوە ئەوان لە داوا ڕەواکانیان پاشگەز بکەنەوە، خەبات و بەربەرەکانێی ژنان لە کوردستانی ئێران هەنووکەش بەردەوامە و ئەم ئیدامەکاریی و بەردەوامییە لە خەبات و تێکۆشاندا لە لای ژنی کورد لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامووزەکانی کۆماری کوردستان و دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژنانی کورد لە ئێران ئەگەرچی سەرەتا وەك کورد بوون و پاشان ژن بوون، لە کۆمەڵگەی ئێران دەچەوسێنەوە بەڵام توانیویانە شێلگیرانە و بوێرانە لە بەرامبەر سیستمە دیکتاتۆرەکاندا خەبات بکەن و ببنە نموونەی ژنی ئازاد و شۆڕشگێڕ لە وڵاتی ئێراندا و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤیین و بگرە دونیای ئەمڕۆشدا. خەبات و حیماسەی ژنی کورد لە بەرەکانی شەڕ دژی کۆنەپەرەستی و لە مەترێزی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانی کوردستاندا سەلمێنەری ئەم ڕاستییە کە ژنی کورد بە پۆختەیی ئاگایی و وشیاری گەیشتووە و ئێستاکە ژنی کورد سەرقافڵەی پارێزگاری و بەرزڕاگرتنی بەها ئینسانییەکانە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا.

٨ی مارسی هەموو ساڵێك، ڕۆژی بەرز ڕاگرتنی بیری یەکییەتی، باڵا ئاوێنەیەکی بێگەرد بۆ شکۆمەندی و قامەتی بەرزی مرۆڤ چ ژن بێت و چ پیاو، کە ئەگەر کۆمەڵگە مرۆڤ سالار نەبێت هەمووان وەك یەك مافی یەکسانیان دەبێت و هەمووان پێکەوە هەنگاو بۆ گەشەکردنی بنەماڵە و کۆمەڵگە دەنێن.




# مانگرتنی مامۆستایان بە دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیم

دارا ناتق

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە غەدرلێکراوی دەستی دیکتاتۆرترین و دواکەوتووترین ڕێژیمی ڕۆژهەڵاتی ناڤین واتە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، بوو بە گۆڕەپانی ناڕەزایەتی بەرینی بەشێك لە توێژی بەشەمینەتی ئەم هەرێمە بە دژی زوڵم و نادادپەروەری سیستمی حاکم.

مامۆستای خوێندنگاکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ تێکڕای کانوونی سینفی مامۆستایانی کوردستان، بە مەبەستی دەستەبەر بوونی خواستە ڕەواکانیان کە بریتی بوون لە چارەسەر کردنی دۆخی ناڵەبار و خراپی پەروەردە و بارهێنان، باشتر کردنی باری خراپی مووچە و ژیانیان و نەهێشتنەوەی هەڵاواردن لە نێوان مامۆستایان و کارمەندانی دەوڵەت و زیاد کردنی بودجەی پەروەردەی خوێندنگاکان، دەستیان دایە مانگرتنێکی سەرتاسەری و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەرییان وەڕێخست. بێگومان هەوڵ و هەڕەشەی حەراسەتی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان و ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە مامۆستایانی تێکوشەری کوردستان، نەیتوانی پێش بە ئیرادەی مافخوازانەی ئەوان بگرێت و ئەم بەشە لە توێژی کۆمەڵگاکەمان بە بەرزکرتنەوەی پلاکارد و دروشمی «بە بێدەنگی هاوار دەکەین» و «خوێندن بە زمانی دایکی مافی منداڵانی ئێمەیە» و «بەڵێ بۆ واریز کردنی سەرانەی قوتابخانەکان»، پێشوازییان لە مانگرتنی سەرتاسەری مامۆستایان کرد و ناڕەزایەتی خۆیان لە دۆخی خراپی مووچە و ژیان و هەڵاواردن و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەربڕی.

ڕوون و ئاشکرایە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە دەسەڵاتداریی خۆی بەردەوام بە مێتودگەلی جۆراوجۆر هەوڵی ئاسمیلەکردنی شوناسی نەتەوەیی کوردییان داوە و سیاسەتی هەڵاواردن، بێکاری، سەرکوت و زەبرو زەنگ، ستراتیژی سەرەکی ئەو ڕێژیمە بووە بە دژی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیەش دەبینین کە خەڵکی ماف پێشلکراوی کوردستان وێڕای بەربەرەکانێ لەهەمبەر سیاسەتی دژی مرۆڤی ڕێژیم، بەردەوام لە هەر دەرفەتێك بە مەبەستی دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە دژی زوڵم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی نیزامی دیکتاتۆری حاکمە، کەڵك وەردەگرن.

ئەم جارەش سەرتاسەری کوردستان هەر وەك هەمیشە بوو بە مەتەرێزی بەرخودان و خۆڕاگری مامۆستایانی تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێست کە بە ڕوونی ئێش وئازار و مەینەتی گەلەکەیان هەست پێ دەکەن و لە حەرەکەتێکی گشتگیر و ئێعترازیدا، نێوەڕۆکی سیستمی پڕ لە ناتەبایی و نادادپەروەری ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانییان جارێکی دیکە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرد.باشتر کردنی باری خراپی ژیان و گوزەرانی مامۆستایان، نەهێشتنەوەی هەڵاواردن، لابردنی کەش و هەوای ئەمنیەتی لە ناوەندە فێرکارییەکان، هەموار کردنی یاسای دانانی بەڕێوەبەرەکان، پێداچوونەوە بە کتێبە دەرسییەکان بە تایبەتی لە بواری زانستی و کۆمەڵایەتی و کتێبە دینییەکان، نەهێشتنی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و دانی مووچەی تایبەت بۆ کاری زیادە و پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی مامۆستایان و خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی، نوێژنکردنەوە قوتابخانەکان و دابین کردنی ئیمکانات و پێداویستییەکانی خوێندن بۆ منداڵانی کوردستان، بەشێکن لە خواستە ڕەواکانی مامۆستایانی کورد کە ساڵانێکە ئاراستەی دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی ئەو ڕێژیمە دەکرێت. بە داخەوە کاربەدەستانی ڕێژیم تاکوو ئێستاش نە تەنیا هیچ بایەخکیان بە داخوازە ڕەواکانی مامۆستایانی کورد نەداوە بەڵکوو بە بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان هەوڵی داوە کە دەنگی مافخوازانەی مامۆستایان لە کێشەی بژێوی ژیاندا چڕ بکاتەوەو لە لایەکی دیکەوە لە ژێر بیانووی تێکدانی ئەمنییەتی وڵات زۆر جار مامۆستایانی کورد تۆشی گرتن، ئەشکەنجە، ئێعدام و بێ سەروشوێن کردن بوونەتەوە.

ساڵانە دەیان قوتابی کورد بە هۆی ئاگر تێبەربوون و ڕووخانی بینای خوێندنگا کۆنەکان دەبەنە قوربانی و ژیانی سەدان خوێندکاری کورد بە هۆی کۆنی و خراپی ناوەندە پەروەردەییەکان لە ژێر مەترسیدایە. بەشێك لە ناوچە کوردنشینەکان تا ئێستاش لە ناوەندی خوێندن و پەروەردەکردن بێبەشن.

نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بە تایبەت لە بازنەی زانستی مرۆییدا، توانایی پەروەردە و بارهێنانی قوتابیانی ئەو سەردەمە و پێویستیەکانی ئەمڕۆی نییە و زۆرتر دەرخەری بیری ئیدۆلۆژیك و داخراوی ئەو ڕێژیمەن و لەگەڵ فۆرمە ستانداردەکانی پەروەردەیی ناتەبان. سیستمی پەروەردەیی ڕێژیم زۆرتر هەوڵی سەپاندنی بیری ئیدۆلۆژیکی خۆی بە سەر ناوەندە پەروەردەییەکان دەدات و پەروەردەی تیرۆریستی، سیخوڕ و هێزی سەرکوتکەر ئامانجی ناوەندە فێرکارییەکانی ڕێژیمن. هەوڵی بە بەسیج کردنی خوێندکارانی کورد و زاڵ کردنی کەش و هەوای ئەمنییەتی بە سەر ناوەندە پەروەردەییەکان، گرفتی سەرەکی بەردەم خوێندکارانی کوردستانە. کەمی مووچەی مامۆستایان و کەمی بوودجەی ناوەندە پەروەردەییەکانی کوردستان لە ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای ناوەندەکانی خوێندنن.

بە هۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی ڕێژیم بەرامبەر بە کوردستان، هەر چەشنە دەنگ و بزاڤێکی ناڕازی لەهەمبەر سیاسەتی هەڵاواردن و نادادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستمی چەوسێنەر و حاکمەوە، بە دڕندانەترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە. هەر بۆیە دەبینین کە سەرەرای ناڕەزایەتی بەرینی مامۆستایانی سەرتاسەری کوردستان لەهەمبەر دابینکردنی ماف و ئازادییەکانیان، مخابن کاربەدەستانی ڕێژیم گوێیان لە خواستە ڕەواکانیان نەگرتووە و وێڕای هەڕەشە کردن لە مامۆستایان، چەندین کەسیان بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەر کردووە. بەڵام ئەوەی کە گرینگە و جێگای هەڵوەستە کردنە، ئیرادەی بەرز و قایمی خەڵکی مافویستی کوردستان بە گشتی و مامۆستایانی کورد بە تایبەتییە کە سەرەڕای بوونی هەزاران دام و دەزگایی سەرکوتکەر و داپلۆسێنەر و کەشی ئەمنییەتی، لە هەر دەرفەتێکی لەباردا، هاواری مافخوازنە و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان دەگەیەنە ڕای گشتی.



# هەڵاڵە و ئارەزوویەکی ترساو

## خوێندنەوەیەکی رۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە » نووسراوەی «عەتا نەهایی»

لەیلا ساڵحی- بۆکان

**بەشی یەکەم**

**ئەلف): ژن و رۆمان**

ژانری ئەدەبی رۆمان یەکێکە لە بەهێزترین ژانرە هەڵبژێردراوەکان لە لایەن کۆمەڵگاوە، کە دەکرێ گرینگترین بەرباسە کۆمەڵایەتییەکان و هەر وەها کێشەی ژنیش تێی دا رەنگ بداتەوە. دەشکرێت لە دەلاقەی رۆمانەوە بە باشی سەیری دۆخی جێگە و پێگەی ژن بکرێ و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. بەڵام ئاخۆ لێکدانەوەی ئەو باسە چ بایخێکی دەتوانی هەبێت. دیارە هەر شوێنەوارێکی رەسەنی هونەری داکۆکی لە جۆرێك ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهان دا دەکا و وێڕای ئەوەش لەسەر زەینییەتی کۆمەڵگا شوێن دادەنێ. بە وتەی «فێرکلۆ» ئەو شوێن دانانە ئیدئۆلووژیك و کۆمەڵایەتییەی کە تێکستەکان لەسەر گۆڕانی شوناسەکان هەیانە چاوپۆشییان لێدەکرێت. بابەتی دووهەمیش ئەوەیە کە ئەو دەقانە باشترین شایەتحاڵن بۆ رادەربرین لەمەڕ پێکهاتە و پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکان. بابەتی سێهەم ئەوەیە کە لێکدانەوەی ئەو دەقانە دەتوانێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بە پێی مێژوو بۆ بەردەنگ بنوێنێ. بە وتەی «فێرکلۆ» کۆنترۆڵی دەستەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان و رووبەڕوو بوونەوە دژی ئەوان، ئەورۆکە زیاتر لە هەموو شتێك لە دەقەکان چاوەڕوان دەکرێ، کەوابوو دەکرێ بڵێین بە لێکدانەوەی دەقی رۆمانی « گرەوی بەختی هەڵاڵە» لە نێوان دێڕەکانی ئەو رۆمانەوە، شوێن پێی هەڵدانی کۆمەڵایەتی ژنان هەڵگرین و پێکهاتەی هێزەکانی دژە ژن بناسین و چاوەڕوان بین وەك دەقێکی ئەدەبی یان وەك هونەری کەلام کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بکات. هەرچەندە لێرە دا نامهەوێ حەولی ئەوە بدەم کە باس لە ریسالەتی هونەر یان ئەدەبیات وەك لقێك لە هونەر بکەم، بەڵام پێویستە بڵێم یەکێك لەو یەکەم لێکدانەوانەی لەمەڕ هونەرەوە خراوتە بەر دەست ئەوە بووە کە هونەرمەندان ویستوویانە نیزامێك لە نیشانەکان و لە ئاکام دا زمانێکی تایبەت بئافرێنن. زمان کەرەسەی پێوەندییە و ئەو شتەیە کە بوار بە رووحە ئاوماڵەکان دەدا تاکوو سنوورەکانی تەنیایی خۆیان تێك بشکێنن و لەگەڵ یەکتری پێوەندی بگرن، لەیەکتری تێبگەن و نێوانیان هەبێ و وێکڕا هەڵبکەن(١). کەوابوو زمان هۆکاری یەکگرتوویە. ئەگەر هونەر بتوانێ زمان بێت، دەتوانێ ئامرازی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیش بێت و وێڕای ئەوەش چونکە لێرەدا ئێمە لەگەڵ نیزامێك لە سێمبولە عاتفییەکان رووبەڕووین، یەکگرتوویەك کە بەو جۆرە پێك دێت لەوەی وا بە هۆکاری وشەکان واتە کەلام پێك دێت، پتەوتر و نزیك ترە. ئەو یەکگرتنە عاتفییە لە پێوەندی هەمبەری خەڵکی لێکدابڕاو تێدەپەڕێ و دزە دەکاتە ویژدانەکانەوە و بە بێ ئەوەی بزانن لێکیان نزیك دەکاتەوە. هونەر نە تەنیا یەکگرتوویەکی قووڵتر و چڕتر لە زمان بەدی دێنێ، بەڵکوو چون زمانێکی جیهانییە، ئەو یەکگرتوویە یەکجار بەرینتر و شیاوترە. بۆ وێنە لە وڵاتی «لەهێستان»دا، ئەوە ئەدەبیات و وێنە کێشان بوو کە بوو بە هۆی یەکگرتوویی نیشتمان پەروەرەکان و رووحی نەتەوەیی خەڵکی لە هەمبەر توانەوە لە کولتووری داگیرکەران دا زیندوو راگرت. هەروەها هەستی جوانی ناسی بە تایبەت ئاهۆیەکی بەلەزی کۆمەڵایەتییە و خۆشییەکی هاوبەش بۆ هەموو بەردەنگان بەدی دێنێت (٢) بەو پێیە، ئەدەبیاتیش وەك هونەری کەلام بمانهەوێ و نەمانهەوێ کۆمەڵگا لێك نزیك دەکاتەوە و نووسەر بیهەوێ و نەیهەوێ، یان روانگەی بە نیسبەت ریسالەتی هونەر هەر شتێك بێت، ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە کۆمەڵگا دابڕاوە و هەرچی هەیە هەر زەینی ئەو و جووڵەی قەڵەمە و بە هیوای هیچ نییە. گرەوی بەختی هەڵاڵەش یەکێك لەو نیزامە زمانیانەیە کە هونەر خوڵقاندوویە و تێیدا کێشەی ژنی کورد کە هەوڵ دەدا بۆ گەشەکردن، وروژاوە. نووسین لەمەڕ ژنەوە بە بێ روانگەیەکی پێکهاتەیی و روانین بە بواری مێژوویی چارەنووسی نەتەوەیەك، دەستەبەر ناکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئیمڕۆ گوتاری ژن، گوتارێکی جیهانییە و لە وڵاتی ئێمەش بە تایبەت پاش شۆڕشی پەنجا و حەوت ، گوتاری ژنان گەشەی کرد و بوو بە یەکێك لە زۆردارترین سەردێڕەکان بۆ لێکۆڵینەوە. کوتن و نووسین لەمەڕ ژنەوە ئەورۆ ئیتر کارێکی ژنانە نییە، بەڵکوو کارێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت پێوەندی دارە بە لایەنە پۆزیتیڤەکانی نەتەوەیەکەوە. لە دوو دەیەی پێشوودا ڕێژەی نووسینی ئەو رۆمانانەی کە لە وێ دا ژنان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و بە واتایەکی دیکە قارەمانی چیرۆکەکەن بەردەوام لە زۆربوون دایە و ئەو دۆخە کوردوستانیشی گرتۆتەوە. دیارە ئەو پرۆسەی نووسین لە سەر ژن و بەرباسەکانی پێوەندیدار بەوەوە تەنیا بە پێی بە ئاهۆبوونی مودێلێکی ئەدەبی یان هونەری نییە و ناکرێ پێویستیە کۆمەڵایەتییەکان لێرەدا لەبەرچاو نەگیرێ. هەروەك پێشتر گوتمان تەنانەت نووسەری رۆمانە فانتێزییەکانیش هەرگیز ناتوانن لە کۆمەڵگا داببڕێن و هەمیشە یەکێك لە هاندەرە سەرەکییەکانی نووسەر بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێکی هونەری، ئەو کۆمەڵگایەیە وا نووسەر تێیدا دەژیت.

**ب): ژن لە بەشێك لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی کوردی بەر لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا.**

هەر وەك پێشتر گوترا، نووسین لەسەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی ژن بە بێ ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی کۆمەڵگای ئەو ژنەی وا بڕیارە باسی بکەین دەستەبەر ناکرێت. کاتێك دەگەڕێینەوە سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بەر لە هەموو دەقەکان تیشك دەخەینە سەر کەسایەتی ژن لە تراژێدی «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە شایەتە ئەدەبییەکان بەناوبانگ و ناسراون ئیتر پێویست نییە لێرەدا کورتەی گێڕانەوەکان بخەینە بەردەست. لە راستی دا ئەو چیرۆکە تراژێدییایەکی ئەویندارانەیە کە ژن لەوێدا جگە لە گێڕانی رۆڵێکی عاتیفی و ئەویندارانە، بە تەواوی بێ دەستەڵاتە و ناتوانی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێ و بە هۆی ئەو بێ دەستەڵاتییەوە، پیلانگێڕی دەوروبەری، وێڕای عاشقەکەی رووبەڕووی مەرگی دەکەنەوە و تەنانەت زۆر بە سانایی مافی ژیانی لێ زەوت دەکەن. لەو ریواتە دا ژن تەنیا لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی هاوبەش بە دڵی خۆی رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و کۆمەڵگاکەی کە لە قالبی بەکرەشۆڤاردا خۆیا دەبێ، بواری ئەوەی پێنادا، ئەو ئامانجە سەرەکییەی کە لەو تراژێدیایە دا بۆ ژن دیاری کراوە تەنیا لە ئاستی گەیشتن بە دڵدار و پێکهێنانی بەختەوەری بنەماڵەیی دایە، بەڵام وەك گوتمان کۆمەڵگای «زین» ئەوەندە گەشەی نەکردووە کە تەنانەت ئەو مافە ساکارەی پێ رەوا ببینێ و لە ئاکام دا تێکی دەشکێنێ. (٣) لە رۆمانی «ژانی گەل»ی برایم ئەحمەد دا، کاراکتەرە ژنەکانی رۆمانەکە تەنیا کارکردی ژنانەی یەکجار لاوازیان هەیە، بە شێوەیەك کە زۆر جاران خودی کاراکتەرە ژنەکان مافەکان لە نزیکترین کەسانی مێیینەی خۆیان قەدەغە دەکەن و جگە لەوەش خودی ژنەکان تەنانەت خۆیان بە شیاوی مافی هەبوون نازانن. بۆ وێنە کاتێك کاڵێ لەگەڵ جوامێری هاوسەری قسە دەکات، ئارەزوو دەکات منداڵەکەی کوڕ بێت و بە وتەی خۆی پێی حەیفە پاشی ئەو هەموو ئازار چەشتنە کچی بێت. ئەوەش لە کاتێك دایە پێشتر کە جوامێر خوازبێنی لە کاڵێ دەکات، کاڵێ هیچ ئیزن بە خۆی نادا وڵامی بداتەوە و پێی دەڵێ ئەوە دایکێتی کە دەبێ بڕیار بدات.(٤) ئەو کۆمەڵگایەی لە رۆمای ژانی گەل دا هێڵکاری کراوە، کۆمەڵگایەکە کە ناهێڵێ ژنان لەمەڕ چارەنووسی خۆیانەوە بڕیار بدەن و ئەوانیش لە خۆیان رانابینن کە بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خۆیان دا هیچ هەوڵێك بدەن و بە وتەی پیرۆزی دایکی کاڵێ: «خودا یار و یاوەری بێ پەناکانە و تەنیا ئەوە کە چارەنووسەکان رێك دەخا.» ئیتر ژن بە تەواوی لە بەندی جەبری ژیان دایە، لە کاتێك دا هەر لەو رۆمانە دا کاراکتەرێکی نێرینە هەیە کە ئەو باوەڕە رەت دەکاتەوە و خودی مرۆڤ بە سەرچاوەی هەڵکشان و گەشە کردن دەزانێت. واتە کۆمەڵگا پیاوی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە خۆی خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی، بەڵام ژن یەستا هەر پێی وایە نابێ بۆخۆی هیچ بکات. لەولاشەوە لە نێوان گەرماوگەرمی کێشە و ئاڵۆزییەکان ژنان بە هۆی کێشە جەستەییەکانیانەوە دەبێ تێدا بچن و ئیتر یەکجار بێ دەستەڵات و بەستەزمان دێنە بەرچاو. لە رۆمانی پێشمەرگەی دکتۆر رەحیمی سەیفی قازی دا کە لە دەمەدەمی سەرهەڵدانی کێشە سیاسییەکانی کوردستان و لە زەمانی پەهلەوی دووهەم دا نووسراوە، کاراکتەری ژن لە قالبی «مروەت» و پیرێژنە فێڵبازەکەی جیرانی دا خۆیا دەبێ کە کۆمەڵگا تەنانەت مافی پاك مانەوە لە مرۆت دەستێنێ و لە باری جنسییەوە دەست درێژی دەکرێتە سەر و ئەوەش هەموو بە هۆی بەدزاتی پیرێژنەکە و دەستەڵاتی زاڵمانەی «میناغا»ی ئاواییەوەیە و لە ئاکام دا مروت وێڕای ئەوەی کە هیچ رۆڵێکی نەبووە لەو کارەساتە دا و بێ ئەوەی بیهەوێ تووشی بووە، دەبێ خۆی بکوژێ، بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی لە ریوایەتەکە دا بکڕێتەوە.!(٥) کاتێك دەڕوانینە رۆمانی «ئێوارەی پەروانە»ی بەختیار عەلی، هەر چەندە دەکرێ بڵێین ژنانی ئەو رۆمانە بە بەراورد لەگەڵ گێڕانەوەکانی پێشوو هەندێك لەباری کۆمەڵایەتی و ناسینی مافی خۆیانەوە، گەشەیان کردووە، تەنانەت ئەوان ئەو دۆخەی ژیانی خۆیان پێ قەبووڵ ناکرێ و پرۆتیستۆی دەکەن و هەوڵ دەدەن لە سازکردنی یۆتۆپیای تازەدا کە شارێکە بۆ ئەویندارەکان، بەشدار بن و تەنانەت بە بەهای گیانیشیان ئەو شتە دەکەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا بەربەستیانە، راستەوخۆ کولتووری کۆمەڵگا نییە بەڵکوو بە گوتەی «نیچە» ئەوە «دین یاران»ن کە دەبنە بەربەستی ئارەزووی کچان و کووڕانی یاخی و عاشق «مەلا کەوسەر» وەك سێمبولی ئایینێك کە هەرگیز بوار بە بارهێنانی ئەوین و خۆشەویستی نێوان دوو رەگەزی نێر و مێ نادا، دەرهێنەری سەرەکی شانۆی پیلانەکە بە دژی ئەویندارانە ژیانە. کەچی دیسانیش ئەوە کچانن کە وێڕای عاشقەکانیان هیوابڕاوانە رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە و دیسان کاراکتەرە ژنەکان هەر دەمرن و نووسەر نەیتوانیوە بیان پارێزێ.(٦) هەڵبەت پێویستە بگوترێ کە لە کتێبی» لە رۆمانەوە تا نەتەوە»ی بەرێز هاشمی ئەحمەزادە دا، بە وردی و هاوتەریب لە گەڵ رۆمانە کوردییەکان، هەندێ لە رۆمانە شازەکانی فارسیش لە باری ناوەرۆکەوە و هەروەها روانینیان بۆ کێشەی ژن هەڵسەنگێندراون کە لێرەدا پێویست بە دووپات کردنەوەیان ناکا. بەڵام لەو دەقانەش دا هەر وەك ئەوانی پێشوو، ژن لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی یەکجار نزم دا پەروەردە کراوە کە زۆر جار هەڵس و کەوتی مایەی نەنگ و شوورەیی یە و ناتوانێ بەدەر لە چوارچێوەی خواستەکانی بنەماڵە ئارەزوویەکی دیکەی هەبێت و ئەگەریش رووبەڕووی مەرگ نەبێتەوە، ئەوە ژیانێکی جێی بەزەیی و لێقەوماوانەی هەیە. (٧)




١. هنر و جامعە ٢٨٥
٢. هنر و جامعە ٢٨٥
٣. بڕوانە مەم و زینی خانی
٤. بڕوانە رۆمانی ژانی گەل
٥. بڕوانە رۆمانی پێشمەرگە
٦. بڕوانە ئێوارەی پەروانە
٧. بڕوانە از رمان تا ملت

## ئاوێزە



شیرین ئەمینی

شیرین ئەمینی لە ڕێبەندانی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری ورمێ چاوی بە دونیا هەڵێناوە.

دواتر ماڵیان دێتەوە شاری مەهاباد و تەمەنی منداڵی لەو شارەدا تێپەڕ دەکا.

وەك خۆی دەڵێ : هەر لە منداڵیەوە هۆگری نووسین بووە و بەردەوام لە دەریای خەیاڵدا مەلەی کردووە و زۆر جار بە نیگارکێشی هەستی خۆی دەربڕیوە. پاش چوونە قوتابخانە و فێربوونی ئەلف و بێ کتێبە داستانییەکانی خوێندووەتەوە و ئەم خوێندنانە لێواولێوی کردووە لە فیکر و ئیلهام بۆ نووسین و هەر لەم سەردەمەدا بووە کە نووسینی شێعری دەست پێکردووە بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی.

یەکەمین ڕۆمانی لە سەردەمی مێرمنداڵیدا نووسیوە کە ساڵانی دواتر بێ هیچ پێداچوونەوەیەك چاپ کرا هەر لەو ساڵانەدا ئەمانەی نووسیوە «سالهای انتظار»، «در اغوش سرنوشت»، «ساحل تنهایی»، «سایەی جدایی» و ...

ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی یەکەمین بەرهەمی چاپ بووی کتێبێکی ١٦٧ لاپەڕەییە بە ناوی « غروب غم انگیز».

دووهەمین بەرهەمی لە ژێر ناوی «سایەی جودایی»ە کە لە پێشانگای تاران ڕۆمانێکی پڕ فرۆش بوو.

سێهەم بەرهەمی «شبی زیر باران»ە کە خۆی دەڵێت «دەتوانم بە ڕاشکای بڵێم کارێکی جوانە و دەتوانم بە شانازییەوە باسی بکەم ئەو کتێبە لە حاڵی چاپدایە و هیوادارم بە زووترین کات بگاتە دەست خوێنەران»...ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی چووەتە «ئەنجومەنی سینەمای جەوان» و نیزیك ساڵێك دەورەی دیوە.

چیرۆکەکانی «پاشای نەوسن» ڕێوی فێڵەباز «پیتۆڵو جادووکە» «چوارشەممە سوری» «دەرباز بوون» «فیلی زەلام و مێرووڵەی زانا» «پیتۆڵوو گەڕەکی منداڵە جنێو فرۆشەکان» و ... چەندین بەرهەمەی دیکە بەشێك لەو بەرهەمانەت کە بۆ منداڵان ئامادە کردووە.

کورتە چیرۆکەکانی «جوتێك چاوی شین، ئەو شەو پڵاو دەخۆی، هەناسە، لەتێك هەنار، وێنە، کفشاتونو بدین واکس بزنم» بەرهەمی کاری چەند ساڵی ڕابردووی نووسەرە ... ئێستا خەریکی نووسینی ڕۆمانی بڵیندی کوردیە و خۆی گووتنی «پێم وایە تازە هەر بە کوردی دەنووسم».



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 648 ▪ 7 Mar 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# ساندیسک، میمۆرییەکی جیاواز دەخاتە بازاڕەوە




لە پێشانگای جیهانیی مۆبایل (MWC ٢٠١٥) لە بەرسێلۆنا، کۆمپانیای ساندیسك پێشەنگ لەبواری بەرهەمهێنانی فلاش و فلاش میمۆری، گەورەترین میمۆری بچوکی لە جیهاندا نمایش کرد.

قەبارەی فلاش میمۆریەکەی ساندیسك (MicroSDXC) زۆر بچوکە و توانای هەڵگرتنی زانیاری بە قەبارەی ٢٠٠ گێگابایتی هەیە.

ئەم فلاش میمۆرییە سەرەڕای گەورەیی قەبارەی هەڵگرتنی زانیاریەکەی، خێراییەکی زۆری هەیە بۆ گواستنەوەی فایل و دەگاتە ٩٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا واتە ١٢٠٠ وێنە لە خولەکێکدا هەروەها جێگەی ٢٠ کاتژمێر ڤیدیۆ بە کوالیتی فوول ئێچ دی تێدا دەبێتەوە.

میمۆرییەکە دژە ئاو و دژە مگناتیس و دژە تیشکی سەرووەنەوشەییە و بەرگەی پلەی گەرمی تا ٨٥ پلەی سەدی و ٢٥ پلەی ژێر سفر دەگرێت.

نرخی میمۆریەکەی ساندیسك گرانە و بە ٤٠٠ دۆلارە و لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا دەخرێتە بازاڕەوە.

پارساڵیش کۆمپانیای ساندیسك بۆ یەکەمین جار میمۆرییەکی بە قەبارەی ١٢٨ گێگابایت ڕاگەیاند کە لە ئێستادا نرخەکەی ١٠٠ دۆلارە.

# ڕۆبۆت جێگەی مرۆڤ دەگرێتەوە



نێوەڕۆکی ڕاپۆرتێکی جیهانی ترس دەخاتە دڵی ئەوکەسانەی کە ڕاپۆرتەکەیان خوێندووەتەوە، بەوەی لە داهاتوودا ڕۆبۆت لە بری مرۆڤ بەکاربهێنرێت بۆ کارکردن، ترسەکەش ئەوەیە کە ڕێژەی بێکاری لە وڵاتانی پێشکەوتوو زیاد دەکات و تێچوونی چاودێرە کۆمەڵایەتیەکان ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکەن، شارەزایانی بواری ئابووریش بەم حاڵەتە دەڵێن داکەوتنی ئابوری.

سایتی ئیلاف نێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی بڵاوکردۆتەوە بەبێ ناوهێنانی خاوەنی ئەو ناوەندەی کە ڕاپۆرتەکەی نوسیوە، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەکردووە، لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕۆبۆتەکان لە بری مرۆڤەکان کار دەکەن، کۆمەڵێك لە شارەزایانی ئابووری نمونەیەکی سادەیان بەکارهێنا بۆ کارکردنی ڕۆبۆتەکان لەبری مرۆڤ بۆ ئەوەی بزانن کە تا چەند کاریگەرییان دەبێت لەسەر داهاتی تاکەکەس و سەرمایەی کارکردن و کوالیتی ئەو بەرهەمانەی کە ڕۆبۆت بەرهەمی دەهێنێت.

لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی زانیاری لە گەورە توێژەری بوارەکە «سیز بێنزیل» وەرگرتووەو ئاماژەی بۆئەوەکردووە : « لە داهاتویەکی نزیکدا ڕۆبۆتەکان دەبینین دەبنە شۆفێری تەکسی و هۆیەکانی گواستنەوە، تەنانەت لە بری مرۆڤەکان فرۆکەوانییش دەکەن، پێشبینیش دەکات لەو ناوەندانەی ڕۆبۆت کاردەکات مەترسی بۆ سەر سەلامەتی مرۆڤەکان دروست بێت، بەڵام ئایا تا چەند ڕۆبۆتەکان دەتوانن هەڵە نەکەن لە ئەنجامدانی کارەکاندا؟

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بابەتەدا بێنزیل لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێیانیدا کە شارەزای بوارەکەن لە ناوەندی نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەگەر ڕۆبۆتەکان لە بری مرۆڤەکان کار بکەن. دەپرسن ئەو لایەنانە کێن کە دەتوانن ئەو ڕۆبۆتانە بەدەست بهێنن، یاخود بەشداری پێکردنی ڕۆبۆتەکان بۆ کارکردن لە ناوەندە بازرگانیەکاندا چی گۆڕانکارییەك بەسەر ژیانی کارکردن لای هاوڵاتیانی جیهاندا دەهێنێت.

لەلایەکی تریشەوە شارەزایان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە بەرهەم هێنانی ڕۆبۆتە زیرەکەکان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و کەمی نرخی بەکارهێنانەکەی ئەوەیان سەلەماندووە، کە ڕۆژێك دێت ڕۆبۆتەکان لە ژیانی ئاساییدا بەشێوەیەکی فراوان بەکاربهێنرێت.

ئەگەر جیهان گەیشت بەو ڕۆژەی ڕۆبۆت لە بری مرۆڤ کاربکات، ئەوا نێوەڕۆکی چیرۆکی فیلمی I ROBOT مان بیردەخاتەوە کە چۆن ڕووداوەکانی ناو ئەو فیلمە باس لەوە دەکەن مرۆڤ حاڵی چۆن دەبێت بەدەست ڕۆبۆتەکانەوە.

# بەکارهێنەرانی ئایفۆن، دووچاری ئەم حاڵەتە بوون؟

بێگومان ئەگەر بەکارهێنەرێکی ئایفۆن بیت ئەوا دووچاری ئەوە بوویتەتەوە کە بۆ هەندێ جار کاتێك کە کەسێك یان هاوڕێیەکەت پەیوەندیت پێوە دەکات لەسەر شاشەکەت هەردوو هەڵبژاردەی (Decline) بۆ وەڵام نەدانەوەو (Accept) بۆ وەڵامدانەوەت هەیەو هەندێ کاتی دیکەش لەجیاتی ئەو دوو هەڵبژاردەیە تەنها هەڵبژاردەی (Slide to answer)ت هەیە.

لەوانەیە هەندێکتان هۆکاری هەبوونی ئەو دوو شاشە جیاوازە بزانن بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێکیشتان لەوە ڕاماون کە دەبێت چی هۆکاری جیاوازی دەرکەوتنی ئەو دوو شاشە جیاوازە بێت کاتێك کە کەسێك پەیوەندیت پێوە دەکات.



هۆکارەکەی زۆر ئاسانەو پەیوەندی بە قوفڵ بوونی ئایفۆنەکەتەوە هەیە. ڕوونتر بڵێین ئەگەر ئایفۆنەکەت قوفڵ بێت و کەسێك پەیوەندیت پێوە بکات ئەوە هەڵبژاردەی (Slide to answer)ت لەسەر شاشە بۆ دەردەکەوێت بەڵام ئەگەر ئایفۆنەکەت قوفڵ نەبێت و کەسێك پەیوەندیت پێوە بکات ئەوا هەردوو هەڵبژاردەی (Decline) و (Accept)ت لەسەر شاشە بۆ دەردەکەوێت وەك لەم وێنەی خوارەوەدا بەڕوونی دیارە.

## زایەڵە

# کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی ساڵی ١٣٩٣دا


فاتیح سالحی


بارودۆخی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی بە باوەڕی زۆریەك لە شارەزایانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لەچاو ساڵانی ڕابردووی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمە، بارودۆخێکی نالەبار و لە جاران هەستیارترە. بارودۆخی سیاسی ڕێژیم بە هۆی دەستێوەردان و شەڕەنگێزییەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئیسلامی و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بۆ مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان و لە هەمووی گرینگتر دەنگۆی نەساقامگیری باری تەندروستی خامنەیی و دۆسیەی ناوکی ڕێژیم، وڵاتی ئێرانی زیاتر لە هەر برگەیەکی زەمەنی تووشی ئاڵۆزی و قەیران کردووە. ناکۆکی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و داهاتووی سیاسی ئەم ڕێژیمە بە هۆی دابڕان و لێکترازانی مۆرەکانی ڕێژیم لەگەڵ یەکتردا و ئەگەری نەمانی خامنەیی، چەندین پرسیار لە زەینی هەر تاکێکدا دروست دەکات کە وەڵامدانەوەیان پێویستی بە کاتە و دەبێ چاوەڕوان بین تا بزانین لە چەند مانگی داهاتوودا پێکهاتەی سیاسی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆیدا تووشی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەبێت یان نا؟ ئەمانە هەموویان لەحاڵێکدایە کە هەر یەك لە کاربەدەستانی ڕێژیم ئێستاکە بە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی سیستمی سیاسی حکومەتی ئیسلامی ئێران تووشی تاکڕەوی و گەندەڵی بوون و پرس و باسەکانی نێوان ئۆسوولگەراکان و تەنانەت تا ڕادەیەك بەناو چاکسازیخوازەکانی نێو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ هاوکێشەکان و ڕووداوەکانی ئەم دواییانە کە ڕاستەوخۆ ئێران لەگەڵیاندا بەرەوڕوو بووەتەوە، ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە تان و پۆی سیستمی دەسەڵاتداری لە حکومەتی ئیسلامی ئێراندا بەرەبەرە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات و زۆر دوور نییە کە شەڕەدەنوکی نێو باڵەکانی ڕێژیم ئەمجارەیان ڕیزەکانی ئۆسوولگەراکان و نزیکەکانی ڕێبەری ڕێژیم واتە خامنەییش بگرێتەوە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیشەوە، کۆمەڵگای ئێران تووشی دەیان دیاردەی نوێی کۆمەڵایەتی بووە کە هەرکامیان دەتوانن تان و پۆی ژیانی بنەماڵەیی و تاکەکەسی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێران تووشی بشێوی بکەن. زێدەبوونی ئاماری تەڵاق لەم مانگانەی دواییدا بە پێی ڕاگەیاندنی ناوەندە فەرمییەکانی خودی حکوومەت و زێدەبوونی بەرچاوی ڕادەی تووشبووان بە مادەسڕکەرەکان و پەرەسەندنی دیاردەگەلێ وەك باجگیری و شەڕفرۆشی، زیادبوونی ئاماری ئیعدامەکان و دەیان دیاردەی دزێوی دیکە، هەموویان باس لە قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکەن کە ئێستاکە کۆمەڵگای ئێران بە دەستیانەوە دەناڵێنێ و چاوەڕوان دەکرێت لە مانگەکانی داهاتووشدا ئاماری هەرکام لەم دیاردە کۆمەڵایەتیانە زێدەبوون بە خۆیەوە ببینێ.

جگە لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی ئێران ئەو شتەی کە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە لە ئێرانی ئەمڕۆدا دەکەوێتە بەرچاو و بەردەوام لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا باسی لێوە دەکرێ، بارودۆخی نالەباری ئابووری ڕێژیم و کەمداهاتیی خەڵکانی بێ دەرەتانی ئێرانە کە تەنگی بە ژیانی بنەماڵەکان و تاکەکان هەڵچنیوە و وێناچێ کە ئەم دۆخە نالەبارە لە مانگەکانی داهاتووشدا بەرەو چاکە بڕوات. بە تایبەت لە کاتێکدا کە هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە ئاخۆ ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر دۆسیەی ناوکی ئەو ڕێژیمە ڕێك دەکەون یان نا بۆیە پێشبینی دەکرێ کە قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە داهاتوویەکی نە ئەوەندە دووردا، کۆشکی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە دارمێنێ و مۆمی تەمەنیان بکوژێنێتەوە.